بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا پابەندبوونی ئەمەریکای بە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5879) سێ شەممە 26ی تشرینی دووەمی 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جۆن روود بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا بۆ کاروباری سیاسی کرد. لە دیدارەکەدا، بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا پابەندبوونی ئەمەریکای بە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتارێک بۆ «خەبات»: پرۆژەیاسای چاکسازی دادپەروەریی لە مووچە بەدیدەهێنێت

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، پرۆژەیاسای چاکسازی دادپەروەری لە مووچەی فەرمانبەران بەدیدەهێنێت. محەمەد سەعدەدین، بڕیاردەری لێژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، رەشنووسی پرۆژەیاسای چاکسازی تەواو بووە و «بەم نزیکانە» ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەسەندی دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەفتەی داهاتوو رێککەوتنی هەرێم و بەغدا واژۆ دەکرێت

هەرێم و بەغدا لەسەر ڕادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە رێککەوتن و هەفتەی داهاتووش رێککەوتنەکە واژۆدەکرێت. رێککەوتنی سەرەتایی لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2020 ئەنجامدرا، بڕیارە هەفتەی داهاتوو جارێکی دیکە شاندی هەرێمی کوردستان بچێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی رێککەوتنی کۆتایی ئەنجام بدەن.

دوێنێ دووشەممە 2019/11/25 شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەوە و کۆبوونەوەکەش لەسەر ڕادەستکردنی250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە رێککەوتن. دوای کۆبوونەوەکەش لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەگەڵ لایەنی عێراقی گەیشتوونەتە رێککەوتن و لە گفتوگۆکاندا زۆرترین جەختمان لەسەر پارێزگاریکردن لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کردووە. گوتیشی: گفتوگۆی بنچینەیی لەبارەی زۆر پرسی دیکەوە کراوە و لێکتێگەیشتنی باشیش لەمبارەیەوە لە نێوان هەردوولا هەبووە.

هەروەها سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە بارەی ڕادەستکردنی نەوت گەیشتوونەتە رێککەوتن و، رێککەوتنەکەش لە 2020/1/1ەوە جێبەجێ دەکرێت. گوتیشی: لە کۆبوونەوەکەیاندا، گفتوگۆ لە بارەی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2020 کراوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سەنتەرێکی داڵدەدانی ئافرەتان لە هەولێر دەکات

پێویستە ئافرەتان وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە مافی ژیانێکی تەندروستیان لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا هەبێت

دەمانەوێت ئافرەتان نەک تەنیا پارێزراو بن بەڵکو هەموو مافێکی ژیان و خۆپێگەیاندنیشیان پارێزراو بێت

دوێنێ دووشەممە 2019/11/25 لە ڕۆژی جیهانیی بنبڕکردنی تووندوتیژی دژ ئافرەتان، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی یەکێک لە سەنتەرەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی لە شاری هەولێر کرد.

سەرۆکی حکوومەت بە یاوەریی کۆێستان محەمەد وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەشەکانی سەنتەرەکەی بەسەرکردەوە و گوێی لە داخوازییەکانیان گرت و دەزگاکانی حکوومەتیشی ڕاسپارد پێداویستییەکانیان دابین بکەن.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە پێم باشتربوو لە جیاتی ئەوەی تەنیا وتارێک بخوێنمەوە، لە نزیکەوە سەردانی ئێوە بکەم و گوێم لە داخوازییەکانتان بێت. گوتیشی "ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵگەی ئێمە دوور بێت لە هەموو تووندوتیژییەک و ئافرەتان نەک تەنیا پارێزراو بن بەڵکو هەموو مافێکی ژیان و خۆپێگەیاندنیشیان پارێزراو بێت. پێویستە ئافرەتانیش وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە، مافی ژیانێکی تەندروستیان لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا هەبێت. بێگومان ئەمەش بەستراوەتەوە بە هەبوونی کۆمەڵێک یاسا و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بەرامبەر ئافرەت، حکوومەتیش دەبێت پارێزەری ئەو مافانە بێت و لەمڕووەوە ئێمە هیچ دریغییەک ناکەین».

خەسرۆ گۆران: پارتی چەندین پێشنیازی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان هەیە

بڕیارە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموار بکرێتەوە و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتیش ئاشکرای کرد، پارتی ئامادەکاریی بۆ هەموارکردنەوەکە کردووە و ژمارەیەک پێشنیاریش دراونەتە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**




وێستگەی هەڵمی کارەبای خەبات 150 مێگاوات کارەبا زیاد دەکات

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە دەست دەکرێت بە دەستبەکاربوونی وێستگەی هەڵمی بەرهەمهێنانی کارەبا لە شارۆچکەی خەباتی سنووری پارێزگای هەولێر. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



جارێکی دیکە خۆپیشاندەران ڕێگەی پردەکانیان لە پارێزگای زیقار داخست



دوو لە پێشکەوتووترین ئامێری قەستەرە دەگاتە هەولێر

نەخۆشخانەی پسپۆڕی نەشتەرگەری- سەنتەری دڵ مژدەی ئەوە بەهاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت کە تازەترین دوو ئامێری پێشکەوتووی قەستەرە دەگاتە هەولێر و ئەمە یەکەمین جارە دوو ئامێری لەمشێوەیە بگاتە هەرێمی کوردستان، و ئێستاش تیمە تەکنیکییەکانی سەنتەری دڵ خەریکی دامەزراندنی ئەو دوو ئامێرەن بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا پێشوازی لە نەخۆشاندا بکات. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



ژمارەی پەنابەرانی ڕۆژئاوا لە هەرێم گەیشتە 17 هەزار کەس

بەڕێوەبەری داتا و زانیاری لە فەرمانگەی هەماهەنگی و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هاتنی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە و تا ئێستا 17 هەزار کەس هاتوون، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێداویستییان بۆ دابین دەکات، بەڵام عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکردوون. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڵێن عەبدوڵڵا دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڵێن عەبدوڵڵا کرد، بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. لە پیرۆزبایینامەکەدا هاتووە: بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سکرتێری حزب، پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و تەواوی ئەندامانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکەم.

بە هاشتاگ جیهان پرتەقاڵی بکەن

مەسرور بارزانی: تۆندوتیژیی ڕەگەزی زیانی زۆر بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت

دوێنێ دووشەممە 2019/11/25 بە بۆنەی 25ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژ بە ئافرەتان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پێگەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر پەیامێکی بڵاوکردەوە.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا نووسیویەتی: ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی تۆندوتیژی دژ بە کچان و ژنان، خۆشحاڵم بە دیتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئافرەتان لەنێو کۆمەڵگەکەمان کە بە کردەوە کار بۆ یەکسانیی ڕەگەزی دەکەن. مەسرور بارزانی ئاماژەی بەوەش کردووە: پێویستە هەموومان لەوە تێبگەین کە تۆندوتیژیی ڕەگەزی چ زیانێک بە ژنان و بە کۆمەڵگەش دەگەیەنێت.
لە کۆتایی پەیامەکەشیدا سەرۆکی حکوومەت جەختی کردووەتەوە: بە هاشتاگ جیهان پرتەقاڵی بکەن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڵێن عەبدوڵڵا دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڵێن عەبدوڵڵا کرد، بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. لە پیرۆزباییناممەکەدا هاتووە: بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سکرتێری حزب، پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و تەواوی ئەندامانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکەم.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا دەکات

بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا پابەندبوونی ئەمەریکای بە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە



دوێنێ دووشەممە 2019/11/25 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جۆن روود بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا بۆ کاروباری سیاسی کرد.
لە دیدارەکەدا کە شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە و ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ ئامادەی بوون ، بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا پابەندبوونی ئەمەریکای بە پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و ئاماژەی بەوەشکرد کە سەردانی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەولێر دووپاتکردنەوەی ئەو پشتیوانییەی ئەمەریکا بوو بۆ هەرێمی کوردستان.
بریکاری وەزیری بەرگری ئەمەریکا هەروەها جەختی لە بەردەوامیدان بە یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە و گرنگی بەردەوامبوونی هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی عیراقی کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش.
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد و دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی سەقامگیربوونی ئاسایش لە ناوچەکەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

هەرێمی کوردستان.. لە نۆ مانگدا 76 حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتنی ئافرەتان تۆمار کراوە

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی نۆ مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا سەرجەم 375 حاڵەتی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان تۆمار کراوە کە 30 حاڵەتی کوشتن و 46 حاڵەتی خۆکوشتنی تێدایە.
بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە وێنەیەکیشی دراوەتە خەبات "لە ماوەی 9 مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا 375 حاڵەتی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و 8 هەزار و 509 سکاڵای تۆمار کراون". هەر بەپێی ئامارەکە "لە ماوەی ئەو 9 مانگەدا 30 ئافرەت کوژراون و 46 ئافرەتی دیکەش خۆیان کوشتووە و 125 ئافرەت سووتاون و 81 ئافرەتیش خۆیان سووتاندووە و 93 حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسیش تۆمار کراون".

پەرلەمانتارێک بۆ «خەبات»: پرۆژەیاسای چاکسازی دادپەروەریی لە مووچە بەدیدەهێنێت

بریارەدری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، پرۆژەیاسای چاکسازی دادپەروەری لە مووچەی فەرمانبەران بەدیدەهێنێت. محەمەد سەعەدەدین، بڕیارەدری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، ڕەشنووسی پرۆژەیاسای چاکسازی تەواو بووە و ''بەم نزیکانە ''ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەسەندی دەکات.
محەمەد سەعەدەدین هەروەها ڕایگەیاند، دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی وەزیران، بڕیارە تا ناوەڕاستی مانگی 12ی 2019 ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەکە بنێرێتە پەرلەمان و لە ماوەی مانگێک پەرلەمان پەسەندی بکات. لە بارەی ناوەرۆکی پرۆژەکەشەوە، بڕیارەدری لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، پرۆژەکە دەبێتە هۆی دادپەروەری لە مووچە و خانەنشینی و دەرمالەی هیچ فەرمانبەرێکی یاساییش بەهۆیەوە نابڕدرێت.

کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ: 11 خۆپیشاندەر لە چوار ڕۆژی ڕابردوودا لە عێراق کوژراون



کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی چوار ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی پێکدادانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانەوە لە شاری بەغدا، ناسریە و بەسرە11 خۆپیشاندەر کوژراون و 289ی دیکەش برینداربوون.
کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا لە ماوەی نێوان 21 تا 24ی ئەم مانگە بەهۆی پێکدادانەکانی هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانەوە، یەک خۆپیشاندەر لە بەغدا کوژراوە و 68ی دیکەش بریندارببوون، هەروەها حەوت خۆپیشاندەر لە ناسریە کوژراون و 131ی دیکەش بریندارببوون و لە بەسرەش سێ خۆپیشاندەر کوژراون و 90ی دیکەش بریندارببوون.
بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هەر لەو ماوەیەدا، 93 خۆپیشاندەر لە بەغدا دەستگیرکراون کە14 یان ئازادکراون، 38 خۆپیشاندەری دیکە لە بەسرە و 22ی دیکەش لە ناسریە و 34ی دیکە لە کەربەلا دەستگیرکراون و لەوبارەوە داوا لە هێزە ئەمنییەکان کراوە کە بەهیچ شێوەیەک بەبێ یاسا خۆپیشاندەران دەستگیر نەکەن و هەروەها داواش لە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی کراوە سەرجەم خۆپیشاندەرە دەستگیرکراوەکان ئازاد بکات. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ دووبارە داوا لە حکوومەت دەکات لەوەی ڕێگە نەدات هێزە ئەمنییەکان تۆندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکاربهێنن".
کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە هێزە ئەمنییەکان گیانی خۆپیشاندەران، هەروەها سامانی گشتی و تایبەت بپارێزرێن و ئاسانکاریش بکرێت بۆ دووبارە ئاساییکردنەوەی ڕەوشەکە و کردنەوەی دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان و ئاشکرایشیکردووە، ژمارەیەک سکاڵای بەدەست گەیشتووە کە باس لە ڕفاندنی ژمارەیەک چالاکوان دەکەن، بۆیە داوای لە حکوومەت و کۆمیسیۆنی ناوبراو داوای لە هێزە ئەمنییەکان کردووە کە هەوڵەکانیان بە ئامانجی ڕزگارکردنی چالاکوانە ڕفێندراوەکان بخەنەگەڕ و تاوانبارانیش دەستگیر بکەن.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەوەشی بە بەڵگە کردووە کە لە 22ی ئەم مانگەدا، ژمارەیەک کارمەندی فریاکەوتن لە نزیک باڵەخانەی بانکی ناوەندی لە شەقامی ڕەشید ناوەڕاستی بەغدا لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دوای گەیشتوە کە باس لە ڕفاندنی ژمارەیەک چالاکوان دەکەن، بۆیە داوای لە حکوومەت و کۆمیسیۆنی ناوبراو داوای لە هێزە ئەمنییەکان کردووە کە هەوڵەکانیان بە ئامانجی ڕزگارکردنی چالاکوانە ڕفێندراوەکان بخەنەگەڕ و تاوانبارانیش دەستگیر بکەن.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ئەوەشی بە بەڵگە کردووە کە لە 22ی ئەم مانگەدا، ژمارەیەک کارمەندی فریاکەوتن لە نزیک باڵەخانەی بانکی ناوەندی لە شەقامی ڕەشید ناوەڕاستی بەغدا لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دوای گەیشتوە کە باس لە ڕفاندنی ژمارەیەک چالاکوان دەکەن، بۆیە داوای لە حکوومەت و کۆمیسیۆنی ناوبراو داوای لە هێزە ئەمنییەکان کردووە کە هەوڵەکانیان بە ئامانجی ڕزگارکردنی چالاکوانە ڕفێندراوەکان بخەنەگەڕ و تاوانبارانیش دەستگیر بکەن.

عێراق.. بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان

جارێکی دیکە خۆپیشاندەران ڕێگەی پردەکانیان لە پارێزگای زیقار داخست

ڕاگەیەندرا کە جارێکی دیکە خۆپیشاندەران ڕێگەی پردەکانیان لە شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار داخستووە، ئەوەش دوای ئەوەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی یەکشەممەی شارەکەدا، سێ خۆپیشاندەر کوژراون و دەیانی دیکەش بریندارببوون. لەوبارەوە چالاکوانێکی مەدەنی بەشدار لە خۆپیشاندانەکانی شاری ناسریە ڕایگەیاند کە بەیانی دوێنێ دووشەممە جارێکی دیکە ڕێگەی پردەکانی نەسر و زەیتون ناوەڕاستی شارەکە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون. هەر بە گوتەی چالاکوانەکە لەئێستادا ڕەوشی ئەمنی شاری ناسریە خراپە ئەویش بەهۆی ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی یەکشەممەدا، سێ خۆپیشاندەر کوژران و دەیانی دیکەش بریندارببوون.
ئەو چالاکوانە باسی لەوەش کردووە کە خۆپیشاندەران بەردەوامن لە داخستنی ڕێگەی پردەکان ئەویش وەک هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لە چوونی فەرمانبەران و قوتابیان بۆ فەرمانگە، قوتابخانە و زانکۆکان لە پێناو ئەوەی مانگرتنی گشتی ڕابگەیەندرێت. جێی باسە ڕۆژی یەکشەممە لە نزیک پردەکانی نەسر و زەیتون لە شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویدا کە بەهۆیەوە، سێ خۆپیشاندەر کوژران و 71 کەسیش بریندار بوون هەروەها پێنج خۆپیشاندەریش دەستگیرکران.

عێراق.. بڕیاری داخستنی نووسینگەی 13 کەناڵی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن

حکوومەتی عێراق بڕیاری داخستنی نووسینگەی هەشت کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی و پێنج ڕادیۆی بۆ ماوەی سێ مانگ دەرکرد، بەهۆی پابەندنەبوونیان بە کاری پیشەیی خۆیانەوە.
دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق، شەوی یەکشەممە، بڕیاری داخستنی نووسینگەی هەشت کەناڵی تەلەڤیزیۆنیی ئاسمانیی و پێنج ڕادیۆی بۆ ماوەی سێ مانگ دەرکرد و پێنج کەناڵی دیکەی ئاسمانی ئاگادار کردەوە، بەهۆی پابەندنەبوونیان بە کاری پیشەیی خۆیانەوە. بەپێی بڕیارێکی دەستەکە، ئاماژە کراوە بەوەی کە ئەنجوومەنی نەمیندارێتی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوودا بڕیاری داخستنی نووسینگەی هەشت کەناڵی ئاسمانیی لەنێویاندا کەناڵی "ئەلعەرەبیە حەدەس" سعوودی و "anb" لوبنانی هەیە، لەگەڵ شەش کەناڵی ناوخۆیی کە بڕیتین لە کەناڵەکانی NRT دیجلە، شەرقییە، فەلوجە، ئەلرەشید، هونا بەغداد. دەستەکە هەروەها بڕیاری داخستنی نووسینگەی ڕادیۆکانی ئەلحورە عێراق، سەوا (دوو ڕادیۆی ئەمەریکین)، ئەلناس، ڕادیۆی ئەلیەوم، نەوای داوە.
هەروەها هەریەک لە کەناڵەکانی سکای نیوز (ئیماراتی)، سۆمەریە، ئاسیا، ڕووداو، ئاور، ئاگادارکردنەوەیان بۆ چووە.
دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی عێراق بڕیاری داخستنی نوسینگەی کەناڵی ئەلحورە عێراقی ئەمەریکی بۆ ماوەی سێ مانگی دیکە درێژکردەوە.

خەسرۆ گۆران: پارتی چەندین پێشنیازی هەیە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان



بڕیارە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق هەموار بکرێتەوە و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتیش ئاشکرای کرد، پارتی ئامادەکاریی بۆ هەموارکردنەوەکە کردووە و ژمارەیەک پێشنیازیش دراونەتە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ڕۆژی یەکشەمە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان تاوتوێی پرسی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق و گۆڕینی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کردووە و چەندین پێشنیاز دراون بە فراکسیۆنی پارتیمان لە پەرلەمانی عێراق، تا لە پەرلەمان کاریان لەسەر بکرێت، کە ئێمە تێبینیی یەکلا نەبووەتەوە، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان تا چەند کەم دەکرێنەوە، بەڵام بەپێی دەستووری عێراق بۆ هەر سەدهەزار کەس نوێنەرێک دیاری کراوە، ئەگەر بڕیارە ژمارەی نوێنەران کەم بکرێنەوە، ئەوکات پێویستی بە هەموارکردنەوەی دەستوور هەیە.

پەیوەست بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش، خەسرۆ گۆران جەختی کردۆتەوە، پارتی قسەی خۆی دەبێت و دەشڵێت: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ژمارەی کۆمیسیاران کەم نەکرێتەوە، وەک ئەوەی ئێستا باسی لێوە دەکرێت لە 9 کۆمیسیارەوە بکرێنە 7 چونکە ئەگەر ژمارەیان 9 بێت، ئەوە دوو بەر کورد دەکەون، بەپێچەوانەوە لە ئەگەری کەمکردنەوەیان زیانی دەبێت.

بەرپرسێکی پارتی بۆ «خەبات»:

پارێزگاری نوێی نەینەوا بەڵێنی داوە هاوکار و هەماهەنگی هەرێمی کوردستان بێت

بەرپرسی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ ڕایدەگەیەنێت، کە پێش هەڵبژاردنی، داوایەکیان لە پارێزگاری نوێی نەینەوا کردووە و ئەویش بەڵێنی داوە. عەلی خەلیل بێتکاری، بەرپرسی لقی 14ی پارتی لە مووسڵ، بە خەباتی ڕاگەیاند، نەجم جبوریی پارێزگاری نوێی نەینەوا ئەزموونێکی باشی لە ئیدارەی دەوڵەت هەیە و پێشتر قایمقامی تەلەعفەر بووە.

عەلی خەلیل بێتکاری هەروەها ڕایگەیاند، دوای لێکۆڵینەوە دەنگ بە نەجم جبوری دراوە و پێشیان ڕاگەیاندووە، کە پێویستە دەرێژە بە پەیوەندیی نەینەوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بدات. ئەو بەرپرسەی پارتی ئاماژەی بەوەش کرد، کە نەجم جبوری بەڵێنی داوە هاوکار و هەماهەنگ بێ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان، چونکە بەشێکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکەونە سنووری ئیداریی پارێزگای نەینەوا.

ڕۆژی یەکشەمە 2019/11/24 ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە دەنگی 23ئەندام لەکۆی 39ئەندام ، فەریق ڕوکن نەجم جبوری بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژارد.

کوردێک دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکەی پوتین

لەکاتی هێرشەکانی داعش لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی ئاوارەکانی شنگالی کردووە



زەلیمخان موتسۆیڤی کوردی ئێزیدی لە نۆزدەمین کۆنگرەی پارتی یەکگرتووی ڕووسیا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە هەڵبژێردرا. لە سەرەتای ئەم هەفتەیە پارتی یەکگرتووی ڕووسیا، لە شاری مۆسکۆ بە ئامادەبوونی ڤلادیمێر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا و دیمتری مێدڤێدیڤی سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکە و سەرۆکی پارتی یەکگرتووی ڕووسیا 19مین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەبرد.

بەگوێرەی کوردستان 24 لە کۆنگرەکەدا جگە لەوەی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵبژاردنەکانی 2019ی ئەنجوومەنی پارێزگا و شارەوانی و هەرێمەکانی ڕووسیا و بەرنامەدانان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی 2021 کرا، هاوکات پڕۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ پارتی یەکگرتووی ڕووسیا کرا، کە تیایدا زەلیمخان موتسۆیڤی کوردی ئێزیدی، پەرلەمانتاری ڕووسیا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی یەکگرتووی ڕووسیا هەڵبژێردرا.

پارتی یەکگرتوو، پارتی فەرمانڕەوای ڕووسیایە و لە پەرلەمانی ڕووسیای فیدراڵ دا 341 کورسی هەیە و لە پلەی یەکەمدایە، لە هەمانکاتدا بە پارتەکەی پوتین ناوزەد دەکرێت.

زەلیمخان موتسۆیڤ، کوردی ئێزیدی ڕووسیایە و لە 1959/10/13 لە شاری تبلیسی پایتەختی جۆرجیا لەدایکبووە و لە تەمەنی 10 ساڵیدا دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە، بۆیە ئەرکی چاودێری و بەخێوکردنی برا و دوو خوشکی کەوتووەتە ئەستۆ. ساڵی 1979 بۆ 1981 لە سوپای سۆڤیەتی خزمەتی سەربازی کردووە، ساڵی 1989 کۆلێژی ئابووری و ڕێکخستنی بیناسازی تەواوکردووە، جگە لەسەرکەوتوویی لەکارەکەی حەوت زمان دەزانێت، ساڵی 1988 کۆمپانیای ماڵداری و دڕوومانی دروستکردووە و گەشەی بە کارەکەی داوە و پاشان هاتووەتە مۆسکۆ بووەتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی



دەرەوەی یەکێتیی خاوەنکارانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، ساڵی 1994-1995 بووەتە سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی ڕووسیا، ساڵی 1999 بۆ یەکەمجار بە ئەندامی پەرلەمانی ڕووسیا (ئەنجوومەنی دوما)هەڵبژێردرا و لە2003 بۆ جاری دووەم بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە، ساڵی 2007 بۆ جاری سێیەم بەئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە، ساڵی2012 بۆ جاری چوارەم بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە، ساڵی 2016 بۆ جاری پێنجەم بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرایەوە و جێگری سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان بوو، لە ئێستاشدا ئەندامی لیژنەی بەرگریی پەرلەمانی ڕووسیا و سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگی پەرلەمانی ڕووسیای فیدراڵ-عێراقی فیدراڵە،

زەلیمخان موتسۆیڤ، لەکاتە دژوار و هەستیارەکاندا پشتیوانی گەلەکەی بووە و لەکاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان بە بڕی15 ملیۆن و نیو دۆلاری ئەمەریکی لە ڕێگای دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری ئاوارەکانی شنگال و ناوچەکانی دیکەی کرد.

کەرکووک.. کۆژران و دەستگیرکردنی ژمارەیەک تیرۆریستی داعش



شانەی هەواڵگریی هەڵوکان سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا، پێنج چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک کۆژراون و یەکێکی دیکەش دەستگیرکراوە و یەکێک لە کۆژراوەکان سەرکردە بووە لە ریزی ڕێکخراوەکەدا. شانەی هەواڵگریی هەڵوکان لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە "ڕۆژی دووشەمە، هێزەکانمان بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش ئۆپەراسیۆنێکیان بۆسەر پاشماوەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سنووری قەزای حەویجە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک ئەنجامداوە".

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، پێنج چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش کۆژراون کە یەکێکیان سەرکردە بوو لە ڕێکخراوەکەدا، هەروەها تیرۆریستێکی دیکەش دەستگیرکراوە و ئەمە وێڕای ئەوەی سێ حەشارگەی ڕێکخراوەکە خاپوورکراوە و دەستیش بەسەر ژمارەیەک چەک و بڕێک تەقەمەنییدا گیراوە. لە ڕاگەیەندراوەکە باس لەوەشکراوە کە تەرمی داعشە کۆژراوەکان ڕادەستی بەشی داوەریی پزیشکی پارێزگای کەرکووک کراون.

لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی پەلامارێکی داعش بۆسەر خاڵێکی سوپای عێراق لە باکووری پارێزگای دیالە، ئەفسەرێک، دوو سەرباز و یەک مەدەنی کوژران. ئەفسەر لە پۆلیسی دیالە، نەقیب حەبیب شەمەری ڕایگەیاند کە تیرۆریستانی داعش پەلاماری خاڵێکی سوپایان داوە لە دەروویەری ناحیەی جەلەولا باکووری پارێزگاکە.

حەبیب شەمەری ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە ئاکامی پەلامارەکەدا، ئەفسەرێک بەپلەی ڕائید، دوو سەرباز و یەک مەدەنی کوژراون.



ژمارەی پەنابەرانی ڕۆژئاوا لە هەرێم گەیشتە 17 هەزار کەس

بەڕێوەبەری داتا و زانیاری لە فەرمانگەی هەماهەنگی و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، هاتنی پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە و تا ئێستا 17 هەزار کەس هاتوون، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێداویستییان بۆ دابین دەکات، بەڵام عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکردوون.

عەلی عیسا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هاتنی پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان بە هۆی هێرشی تورکیا بەردەوامی هەیە و ڕۆژانە ژمارەیەک پەنابەرمان بۆ دێت، هەر کاتێکیش کە دەگەن، ئێمە شوێنیان بۆ دابین دەکەین لە سنووری پارێزگای دهۆک و تاوەکو ئێستاش ژمارەیان گەیشتووەتە 17 هەزار پەنابەر.

عیسا گوتیشی: ئاو و کارەبا و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارەکان دابین کراوە و ئەوەی لە توانادا بێت حکوومەتی هەرێم بۆیانی دابین دەکات، پێداویستییەکانی دیکەش ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دابینی دەکەن، بۆیە هیچ کێشەیەکیان نییە، بەڵام حکوومەتی عێراق هیچ هاوکارییەکی نەکردوون، لە کاتێکدا ئەمە پرسێکی سیادییە و پێویستە حکوومەت خەمی لێ بخوات، بەڵام نەک هەر بۆ پەنابەرانی سووریا، بگرە بۆ پەنابەرانی ناوخۆش هاوکارییان زۆر کەمە.

بەڕێوەبەری داتا و زانیاری لە فەرمانگەی هەماهەنگی و قەیرانەکان باسی لەوەش کرد: تاوەکو لە سنووری دهۆک شوێن هەبێت، نیشتەجێیان دەکەین و ئەگەر شوێنیش نەما، وێستگەی دووەمی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان، هەولێر دەبێت.



لە رۆژئاوای کوردستان هەسەدە گوندێکی سەر بە عەین عیسای کۆنترۆڵکردەوە

میدیای رۆژئاوای کوردستان بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) گوندێکیان لەدەست چەکدارانی سەر بە تورکیا کۆنترۆڵ کردەوە و بارەگایەکی چەکدارەکانیش لەلایەن هاوڕێتیانی سڤیل لە گرێ سپی سووتێندرا.

میدیای رۆژئاوای کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە شەڕێکی سەخت لەنێوان هەسەدە و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا لە گوندی سەیدای سەر بە عەین عیسا کە لە دەست چەکدارانـدا بـووە ڕوویـداوە و هـەسـەدە توانیویەتی گوندەکە لەدەست ئەو گرووپانە دەربێنێ.

میدیاکان ڕاشیدەگەیەنن، گوندەکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کەمپی عەین عیسا و سێ ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن گرووپە چەکدارەکان گیرابوو. میدیای ڕۆژاوای کوردستان بڵاویشی کردووەتەوە کە هاوواڵاتیانی گرێ سپی لە کردەوەکانی چەکدارانی تورکیا دەڤەرەکە، بۆیە دانیشتووانی گەڕەکی جسر ئاگریان بەرداوەتە بارەگایەک و لە ئەنجامدا 3 چەکداری توندڕەوی سەر بە تورکیا کوژراون.



تورکیا و هێزە تووندڕۆکانی نزیک لە ئەنقەرە ئاوی خواردنەوە لەسەر 700 هەزار کەسی ڕۆژئاوای کوردستان دەگرنەوە

لە ڕۆژئاوای کوردستان دۆخی تەندروستی ڕوو لەخراپبیە، ئاوی خواردنەوەی 700 هەزار کەس لە دوو شاری تەلتەمر و حەسەکە گیراوەتەوە و مەترسیی لەسەر ژیانیان هەیە. بەگوێرەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە بەدواداچوونێکدا لەبارەی دۆخی تەندروستی لە ڕۆژئاوای کوردستان، دوای ئەوەی لەلایەن سوپای تورکیاوە سەرێکانی داگیردەکرێت، دەستبەسەر سەرچاوەی ئاوی تەلتەمر و حەسەکە دەگیرێت و ئێستا 700 هەزار کەسی دانیشتووی ئەو دوو شارە لە مەترسی دان.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی حەسەکە دەڵێت: دەرمان و پێداویستیی پزیشکییەکان ڕوو لە کەمبوونن و داوایەک ئاڕاستەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات بۆ ئەوەی بەپەلە هاوکاری بکرێن. وەزیری تەندروستی ڕێڤەبەریا خۆسەر لە ڕۆژئاوا ڕایدەگەیێنێت لە هێرشەکانی تورکیا چەکی قەدەخەکراو لە دژیان بەکارهاتووە و دەشڵێت: بەڵگەی تەواویان کۆکردووەتەوە لەسەر بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو لە هێرشەکاندا.

نوێنەرێکی کریستیانەکان: پێویستە لە هەمواری دەستووری عێراقدا مافی هەموو پێکهاتەکان لە بەرچاو بگیرێت

لە هەوڵدانی بۆ زیادکردنی کورسیی کریستیانەکان



کریستیانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، داوای گەڕەنتی دەکەن لە هەمواركردنەوەی دەستووری عێراقدا، نوێنەرێکی کریستیانەکانیش دەڵێ: دیارکردنی پێنج کورسی بۆ کریستیانەکان لە پەرلەمانی عێراق، ناعەدالەتیی تێدایە و ناتوانین بە پێنج کۆرسی مافەکانمان بەدەست بێنین. ڕوبینا تیاری، نوێنەری کریستیەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەریی کردووەتە سەر پێکهاتەکانی کریستیان و بە چەندین دروشمی نەتەوەیی کلد و ئاشوور و سریانیش بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق و بەغدا کردووە، چونکە ئەو خۆپیشاندانانە بۆ داواکردنی مافی مەدەنی و یاساییە.

پەیوەست بە هەمواركردنەوەی دەستووری عێراق، ئەو نوێنەرەی کریستیان دەڵێت: پێویستە لە هەموارى دەستووردا مافی هەموو پێکهاتەکان لە بەرچاو بگیرێت، لەوانەش پێکهاتەی کریستیان و نوێنەرێکی کریستیانیش بەشدارە لە هەمواركردنەوەی دەستووردا، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەی 126 پێویستە گەرەنتی بۆ پێکهاتەکان هەبێت.

لەو پڕۆژەیاسایەدا کە بۆ هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئامادە کراوە، پێنج کورسی بۆ کریستیانەکان لە پەرلەمانی عێراق دیاری کراون، بەڵام ڕوبینا تیاری ئەو ژمارەیە بە کەم دەزانێت و پێی وایە: خواستی ئێمە زیاترە و بە پێنج ئەندام ناتوانین وەک پێویست کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان بکەین، بۆیە لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی کورسیی کریستیانەکان.

عێراق.. ڕەتکردنەوەی دەنگۆی ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی



فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە هاککەران دەنگۆی ئەنجامدانی کودەتای سەربازییان لە مالپەڕی فەرمی دژە تیرۆر، بڵاوکردووەتەوە. پێشتر لە مالپەڕی فەرمی دەزگای دژە تیرۆری عێراق بەیاننامەیەک بڵاوکرابوویەوە کە تیایدا ئاماژە بەوەکرابوو، گوایە سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆر فەرمانیداوە بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی، دواتریش بەیاننامەکە سڕایەوە.

لەوبارەوە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: بۆ هەموو لایەک ڕوونی دەکەینەوە کە مالپەڕی فەرمی دەزگای دژە تیرۆر لە لایەن کەسانێکەوە هاککراوە، ئەو دەنگۆیەش کە لەبارەی ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی لە مالپەڕەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بێ بنەمایە و دووڕە لە ڕاستییەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە هەژماری تایبەتی دەزگای دژە تیرۆر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هاککراوە.

لای خۆیەوە سەرۆکی دەزگای دژە تیرۆری عێراق، فەریقی یەکەم ڕوکن تالب شەغاتی ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە لە مالپەڕی دەزگاکەی سەبارەت بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازی بڵاوکرابوویەوە". ڕاشیگەیاندووە: هێشتا دەزگای دژە تیرۆر، هێزێکی گرنگە بۆ پاراستنی نیشتمان و بەدەر لەوەش بەرگریی دەکات لە گەل، سیستەمی سیاسی دیموکراتی وڵات و دامەزراوە نیشتمانییەکان. جێی باسە لە میانی ئەو خۆپیشاندانەی کە لە شاری بەغدا و ژمارەیەک شاری ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجام دەدرێن، بۆ چەند جارێک مالپەڕە فەرمییەکانی سەربە حکوومەت هاککراون لەنێویاندا مالپەڕی وەزارەتی پەیوەندییەکان.

ئێران لەبارەی خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەی سعوودیە تۆمەتبار دەکات

سەرۆکی یەکەی سیاسیی و ئایینی هێزی پۆلیسی ئێران، عەلی ڕەزا ئەدیانی ئاماژە بەوە دەکات کە سعوودیە لە پشت خۆپیشاندانەکانی وڵاتەکەیەوە بووە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی تەسنیمی ئێرانی ئەدیانی ڕایگەیاندووە، "هەندێک لەو کەسانەی دەستگیرکراون پەیوەندییان هەیە بە مونافیقەکان (ریکخراوی موجاهیدینی خەڵک) و لایەنگرانی شا. 182 کەس لە سەردەستەی خۆپیشاندەران لەلایەن دوژمنەوە ئاراستە دەکران". ناوبراو ڕاشیگەیاندووە ئامانجی دوژمنان لە پێکدادانەکانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنیەکاندا کە ئەدیانی بە "جەنگی ئارامی" ناوزەدی دەکات ئەوەبووە ئێرانیش وەک سووریا و عێراق لێبکەن.

ناوی کاندیدانی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیەندرا

هیچ کاندیدێکی بەریتانیی لەناو لیستەکەدا نییە

یەکێتیی ئەورووپا ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر ناوی کاندیدانی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا کە تاکو 31ی تشرینی یەکەمی 2024 بەردەوام دەبن لە ئەرکەکانیان. ئەگەر لە دانیشتنی گشتی پەرلەمانی ئەورووپادا کە لە شاری ستراسبۆرگ ئەنجام دەدرێت ڕەزامەندی لەسەر ئەندامانی نوێی کۆمیسیۆنەکە بدرێت، ئەوا لە یەکی کانونی دووەمی 2020 دەستبەکار دەبن.

چاوەڕوان دەکرێت ئۆلیڤەر ڤارهێلی لە هەنگاریا وەک بەرپرسی کاروباری فراوانکردن و جۆزیف بۆرێل لە ئیسپانیا بە نوێنەری باڵای سیاسەتی ئەمنی و پەیوەندییەکانی دەرەوە دیاری بکرێن. لەبەر ئەوەی پێشتر بەریتانیا ڕایگەیاندبوو کە کاندیدی بۆ کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا نابێت، بۆیە لیستی کۆمیسیۆن 27 ناوی لەخۆگرتووە.

وەزیرێکی حکوومەتی ئێران دەستی لەکارکێشایەوە

دوێنێ دووشەمە ئەسەدوڵا عەباسی، گوتەبێژی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ئێران ئاشکرای کرد کە نامەی دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری کشتوکاڵ لەلایەن حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆمارەوە قەبوڵ کراوە. بەپێی زانیاریی میدیا فەرمییەکانی ئێران بڵاویان کردووە کۆبوونەوەی بانگهێشت و لێپرسینەوەی مەحمود حوجەتی، وەزیری کشتوکاڵی ئێران کە بڕیار بوو سبەی سێشەمە بەڕیوە بچێت، هەڵوەشاوەتەوە.

سەرپێچی لە هاوردەی بەرهەم کشتوکاڵییەکان، نەبوونی هەڵویستی گونجاو لەگەڵ بەڕێوەبەرە گەندەڵەکان و سەرپێچیکردن لە یاساکان لە هەنارەد و هاوردەکردنی بەروبومە کشتوکاڵییەکان لەو پرسانەن کە بوونەتە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری کشتوکاڵی ئێران. لەمبارەوە ڕۆژنامەی (ئافتابی یەزد) وێڕای بڵاوکردنەوەی هەواڵی لێپرسینەوە لە وەزیری کشتوکاڵ، بەتەمایە پاش گرانبوونی بەهای بەنزین و خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان لە ئێران، دەیەوێ بە بانگهێشت و لێپرسینەوەی وەزیرەکانی کابینەی ڕۆحانی، بیسەلمێنێت کە کاریگەریی هەیە. هەمان ڕۆژنامە هاوکات باسی لە ئەگەری لێپرسینەوە لە دوو وەزیری نەوت و ناوخۆ کردووە و ئەو پرسیارەی هێناوەتە گۆڕی کە لێپرسینەوە لەم سێ وەزیرە نیشانەی (بێ میمانەیی) بە پەرلەمان لە پرسی گرانبوونی بەنزیندا نەبووە.

تیمێکی پزیشکیی سەربازیی ڕووسی لە کۆبانی جێگیر دەکرێت



تیمێکی پزیشکیی سەربازیی ڕووسی لە نزیکک شاری کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان جێگیر دەکرێت. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی (سپوتنیک)، تیمەکە سەر بە یەکەی تایبەتی سوپای ڕووسیایە و لە بنکەی پۆلیسی سەربازیی ڕووسی لە نزیک کۆبانی، جێگیر دەکرێت. تیمەکە لە چەندین پزیشک و پەرستار پێک دێت و توانایان هەیە ڕۆژانە 100 نەخۆشی ئاسایی و نەخۆشی دڕێژخایەن، ببینن. تیمەکە جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی، هاوکاریی مرۆییش پێشکەش بە هەژار و لێقەوماوانی ناوچەکە دەکات.

دیندار زێباری: هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان هەنگاوی زۆری ناوە



سااڵانە لە رۆژی 25ی نۆڤەمبەر یادی رۆژی جیهانی نەهێشتنی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکرێتەوە لە سەرتاسەری جیهان چەندین چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان راپۆرتی ساڵانەی خۆی دەربارەی تووندوتیژیی دژ بە ئافرەتان بڵاو دەکاتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش ساڵانە هەڵمەتێکی وشیارکردنەوە رادەگەیەندرێت کە بۆ ماوەی 15 رۆژ بەردەوام دەبێت. لەم بارەوە د. دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر نراوە لە بواری پاراستنی مافەکانی ئافرەتان، بەتایبەتی یاسای نەهێشتنی تووندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 8ی ساڵی 2011 کە تا ئێستا لە زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش بەم شێوەیە یاسایەک دەرنەچووە بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و نەهێشتنی تووندوتیژی خێزانی، جگە لەمە چەندین یاسا هەموار کراونەتەوە، رێنمایی تایبەت دەرچوون کە هەموویان لە بەرژەوەندیی ئافرەتاندان، هەروەها ئافرەتان بەشداریەکی کارایان هەبووە لە کایە سیاسییەکان وەک پەرلەمان و حکوومەت، بۆ نموونە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دوو ئافرەت هەیە ئەوانیش سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان، هەروەها لە حکوومەتیشدا سێ ئافرەت پۆستی وەزیریان پێ سپێردراوە، لەلایەکی دیکەوە 30 دادوەری سزادان و 56 داواکاری گشتی و 31دادوەری پێداچوونەوە و 94 لێکۆڵەری دادی و 289 یاریدەدەری لێکۆڵەری دادی لە هەرێمی کوردستان ئافرەتن، جگە لە مانە بە دەیان رێکخراو و دەزگای تایبەت بە بەرگریکردن لە ئافرەتان بوونیان هەیە.

لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی بواری تەندروستی کە پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەیە، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: حکوومەتی هەرێم ستراتیژیەتی تەندروستی دایک و منداڵی پەسەند کردووە لەرێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی بۆ ئافرەتانی دووگیان بە خۆڕایی لە رێگای بنکە تەندروستییەکانەوە کە ژمارەیان 238 بنکەیە، هەروەها لە رێگای 7نەخۆشخانەی تایبەت بە دایکان و لەدایکبوون و بەشەکانی لەدایکبوون لە نەخۆشخانە گشتییەکان و 20یەکەی تەندروستی، ئەمە سەرەڕای دەیان نەخۆشخانەی کەرتی تایبەت، لەلایەکی دیکەوە چەندین سەنتەری تەندروستی کراونەتەوە بۆ نموونە (16) سەنتەری تایبەت بە وشیارکردنەوە دەربارەی هاوسەرگیری و ئەنجامدانی پشکنینی پێویست پێش هاوسەرگیری بەتایبەتی پشکنینەکانی هەوکردنی جگەر و تالاسیمیا و ئایدز چەند نەخۆشییەکی دیکە و 3 سەنتەری ئاشکرا کردنی زووی شێرپەنجەی مەمک و 12 سەنتەری پزیشکی بۆ ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی تووندوتیژی بوونەتەوە.

دیندار زێباری لە میانەی لێدوانەکەیدا تیشکی خستە سەر بوونی ئافرەتانی کورد لە بواری ڕاگەیاندن و پۆلیس و وتی : ئێستا لە کوردستان زیاتر لە 1500 ئافرەت ئەندامی کار و بەشداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن، هەروەها 13 ئافرەت خاوەن ئیمتیاز و 17 یان سەرنووسەرن، هەروەها لیژنەیەک لە ئەنجومەنی سەندیکا دامەزراوە بۆ داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتانی رۆژنامەنووس، سەبارەت بە کەرتی پۆلیسیش لە میلاکی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پۆلیسی هەرێم 882 ئافرەت هەیە لە ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەرن، تەنیا لە میلاکی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگەکانی2522 ئافرەت هەیە، وێڕای هەزارانی دیکە لە ریزەکانی پێشمەرگە بە پلەی جۆراوجۆر. رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە رفاندنی ئافرەتانی ئێزیدی لەلایەن تیرۆیستانی داعشەوە وتی: ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە 5170ی لە 2014/8/21 ڕێکەوتی دەرکرد بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بە مەبەستی ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدراون وەک جینۆساید و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە 2014/11/25 کە ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕزگارکردنی ڕفێندراوانە، بەپێ زانیارییەکانی نووسینگەی ئازاد کردنی ڕفێندراوان تا ڕۆژی 2019/11/18 ژمارەی ڕزگار کراوەکان بریتی بوو لە 3524 لەوانە 1197 ئافرەت، 339 پیاو،1038 منداڵی کچ، 950 منداڵی کوڕ، هەروەها 100 ڕزگاربووی دیکە نێردراون بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەرکردن بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان حکوومەتی ئەڵمانیا و حکوومەتی هەرێم.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا د. دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم وتی: بۆ کەمکردنەوەی تووندوتیژی هێڵی گەرمی 119 دانراوە کە بۆ ماوەی 24 کاتژمێر کار دەکات بە بەردەوامی، هەروەها 4 شەڵتەر کراونەتەوە بۆ داڵدەدانی ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی تووندوتیژی خێزانی دەبنەوە و دەیان ئافرەت لە خۆ دەگرێت و جگە لە ئافرەتان کورد ژمارەیەک ئافرەتی ئاوارە و پەنابەری بیانی لەو شەڵتەرانەدا بوونیان هەیە بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئایین لەوانە لە شەڵتەری سلێمانی 17 ئافرەتی ئاوارە لە هەولێر 10 ئافرەتی ئاوارە و 18 ئافرەتی پەنابەر لە ڕەگەزنامەی جۆراوجۆر، لە شەڵتەری دهۆک 15 ئافرەتی ئاوارە کە کەیسی 24یان چارەسەر کراوە.



فەرحان جەوهەر

دیوە شاراوەکەی هاتنی پێنس بۆ هەولێر

سەردانی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکانیان، لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و هەستیاری وەک ئەمڕۆی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەردانێکی هەروا ئاسایی نییە، بەتایبەتیش کە سەردانی بەغدا ناکات و لەگەڵ بەرپرسەکانیدا کۆنابێتەوە، مانای وایە هەڵوێستی ئەمەریکا لەبارەی بەغداوە زۆر گۆڕاوە. یەک لەو هۆکارە سەرەکییانەی گۆڕانی ئەو هەڵوێستەش، ئەنجامدانی تووندوتیژییە بەرامبەر خۆپیشاندەران و زیادبوونی هەژموونی ئێرانە بەشێوەیەکی بەرچاو.

هەر لەو سەردانەیدا مایک پێنس لە بنکەی سەربازی خۆیان لە ئەنبار بە تەلەفۆن ئەم نیگەرانییەی ئەمەریکای گەیاندە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق و داواشی لێ کردووە بۆ کۆبوونەوە بێتە ئەو بنکەیە، بەڵام عادل عەبدولمەهدی ئامادە نەبووە بچێتە ئەوێ بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پێنس و داوای لێکردووە کۆبوونەوەکەیان لە بەغدا بێت، ئەویش بە پاساوی ئەوەی تیمی ئەمنی خۆی ڕێگەی پێنادەن بچێتە بەغدا، دوای ئەمە سەردانی هەولێری کردو بەناوی سەرۆکی ئەمەریکاو ئیدارەکەی پابەندبوونی خۆیانی بە هاوپەیمانێتی کورد لە هەرێم و ڕۆژئاوا نوێ کردەوە و دەڵێت: شانازیە بۆ ئێمە هاوپەیمانی ئێوە بین، ماوەیەکە بەتایبەتی دوای هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر کوردانی ڕۆژئاوا جۆرێک لە نیگەرانی لە لایەن کوردەوە پەیدابووە بەرامبەر ئەمەریکا، بۆیە ئەمەریکا بەم سەردانەی پێنس ئەو پەیامەی بە کورد دا کە ئەوان هێشتا هاوپەیمانی سەرەکین لەگەڵ کورد، هەروەها وەک گوشارێکیش بوو بەرامبەر هەڵوێستی بەغدا لە بارەی خۆپیشاندانەکان و نفوزی ئێران لەو وڵاتە، چونکە عێراق بەتایبەتی حکوومەتەکەی عەبدولمەهدی نەیتوانیوە هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە ڕاگرێ.

لایەنێکی تری ئەم سەردانەش ئەوەیە کە ئەمەریکا دەیەوێ پێمان بڵێ نابێ لە هەرێم هەمان سیاسەتی بەغدا سەبارەت بە ئێران پەیڕەو بکرێ، بەڵام بە زمانی گوڵ وەک ئەوەی پێنس کردی، هەروەها لە ڕێگەی ئەم سەردانەدا پەیامیان گەیاندە بەغدا کە ئەوان ناتوانن تا سەر لە دوورەوە هەر بینەری ئەو هەڵوێستەی بەغدابن، بۆیە ئەگەر بەغدا سووربێ لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو هەڵوێستەی ئێستای، دوور نییە لە ماوەیەکی نزیکدا یان ڕووبەڕووی گەمارۆی ئابووری دەبێتەوە یان کودەتایەکی سەربازی لەو وڵاتە ڕوودەدات، گرینگەی سێیەمیش کە هەندێک دوورتر لە هەردوو گرینگەکەی تر وەشاندنی گورزێکی سەربازییە. بۆیە بەغدا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێت کە ئەمەریکا واز لە عێراق ناهێنێ بۆ ئێران، هەروەها عێراق سووریا نییە و بۆ ئەمەریکا وڵاتێکی ستراتیژییە.

ئەگەر بەغدا لەو خەیاڵەدا بژی کە ئەوان بەبێ ئەمەریکا چیان بوێت دەیکەن و بەتەواوی دەچنە باوەشی ئێران کە وەک ئێستا دەیکەن، ئەوا مەحاڵە ئەمەریکا بەو دۆخە ڕازی بێ، بۆیە ئەوەی لەسەر هەرێمە بیکات بە پلە یەک ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەم هاوکێشە قورسەیە کە بەغدا تێیدا سەرکەوتوو نەبوو،لایەنێکی تریش سەبارەت هەرێم ئەوەیە پێویستە مامەڵە لەگەڵ هەر حکوومەتێک بکات، کە لە بەغدا حاکم بێت، بەڵام لەسەریەتی تا بۆی بکرێ نەهێڵێ بەغدا بەرەو ئەو ناهاوسەنگییە مەترسیدارە بخلیسکێ، چونکە ئەگەر سبەی عێراق ڕووبەڕووی گەمارۆی ئابووری بووەوە ئەوا گەلی کوردستانیش لە هەرێم دووچاری مەینەتییەکی گەورە دەبنەوە.

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەردوولادایە



دوێنێ دووشەممە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کۆبوونەوە، کە لەم هەفتەیەدا ئەوە بۆ جاری دووەمە ئەو شانە سەردانی بەغدا بکات. بە بڕوای پەرلەمانتاران ڕێککەوتن و لێکنزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا لەسەر بودجە کارێکی باشە و هیوادارن لەسەر کێشەکانی دیکەش بگەنە ڕێککەوتن.

هەروەها موئەیەد تەیب، پەرلەمانتاری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران،ئاشکرای کردووە: هەبوونی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا لە 2003ەوە تا ئێستا هیچ کێشەیەکی بۆ عێراقییەکان دروست نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کورد هاوکار بووە کە حکوومەتێک لە بەغدا دروست بێت، حکوومەتی خەڵک بێت و بەڕاستی خزمەتی خەڵک بکات، چارەکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکاندایە، بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەن، لایەنی بەغدا هۆکار بووە، هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک نەیشاردۆتەوە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: ڕێککەوتن و لێکنزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا لەسەر بودجە کارێکی باشە و لە بەرژەوەندیی هەردوولادایە، هیوادارین لەسەر کێشەکانی دیکەش بگەنە ڕێککەوتن.

هەروەها موئەیەد تەیب، پەرلەمانتاری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران،ئاشکرای کردووە: هەبوونی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا لە 2003ەوە تا ئێستا هیچ کێشەیەکی بۆ عێراقییەکان دروست نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کورد هاوکار بووە کە حکوومەتێک لە بەغدا دروست بێت، حکوومەتی خەڵک بێت و بەڕاستی خزمەتی خەڵک بکات، چارەکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکاندایە، بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەن، لایەنی بەغدا هۆکار بووە، هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک نەیشاردۆتەوە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران،ئاشکرای کردووە: هەبوونی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا لە 2003ەوە تا ئێستا هیچ کێشەیەکی بۆ عێراقییەکان دروست نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کورد هاوکار بووە کە حکوومەتێک لە بەغدا دروست بێت، حکوومەتی خەڵک بێت و بەڕاستی خزمەتی خەڵک بکات، چارەکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقییەکاندایە، بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەن، لایەنی بەغدا هۆکار بووە، هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک نەیشاردۆتەوە کە

نەجیبە نەجیب، ئەندامی پێشووی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ڕایگەیاندووە: لەسەر ئاستی سیاسی دەبێ بەردەوام شانە سەردانی بەغدا بکەن، لەسەر ئاستی فەننیش بەردەوام کار بکەن، هەر لیژنەیەک لە بواری خۆیدا کێشەکان چارە بکات، بۆ نموونە کێشەی بودجە، نەوت، ماددەی 140 هەرێمی کوردستان و ئەو کێشانە چارە بکەن.

سکرتێری هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا دەستی لەکارکێشایەوە

لەسەر داوای وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر سکرتێری هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا، ڕیچارد سپێنسەر دەستی لەکارکێشایەوە. دوای ئەوەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە مارک ئێسپەر داوای لە ڕیچارد سپێنسەر کردووە دەست لەکاربکێشێتەوە کە لەگەڵ کۆشکی سپی "کۆبوونەوەی نهێنی" ئەنجامداوە سەبارەت بە ڕەوشی ئێدوارد گالاغەر کە لەو سەردەمەی لە عێراق لە تیمی تایبەتی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا ئەرکی پێسپێردراوە یاسا سەربازییەکانی پێشێلکردووە.

گوتەبێژی پنتاگۆن، جۆناتان هۆفمان ڕایگەیاند: وەزیری بەرگریی، مارک ئێسپەر بەهۆی ڕاشکاونەبوون لەبارەی کرۆکی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ کۆشکی سپی و ڕەوشی ئێدوارد گالاغەر متمانەی بە ڕیچارد سپێنسەر نەماوە و داوای لێکردووە دەست لەکاربکێشێتەوە.

مارک ئێسپەر'یش لە دەستلەکارکێشانەوە کرد، بە لێدوانی مارک ئێسپەر دەستیپێکرد. پێشتر ڕاگەیەندرابوو کە مارک ئێسپەر داوای لە ڕیچارد سپێنسەر کردووە دەست لەکاربکێشێتەوە کە لەگەڵ کۆشکی سپی "کۆبوونەوەی نهێنی" ئەنجامداوە سەبارەت بە ڕەوشی ئێدوارد گالاغەر کە لەو سەردەمەی لە عێراق لە تیمی تایبەتی هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا ئەرکی پێسپێردراوە یاسا سەربازییەکانی پێشێلکردووە.

گوتەبێژی پنتاگۆن، جۆناتان هۆفمان ڕایگەیاند: وەزیری بەرگریی، مارک ئێسپەر بەهۆی ڕاشکاونەبوون لەبارەی کرۆکی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ کۆشکی سپی و ڕەوشی ئێدوارد گالاغەر متمانەی بە ڕیچارد سپێنسەر نەماوە و داوای لێکردووە دەست لەکاربکێشێتەوە.

مارک ئێسپەر'یش لە سپێنسەر پێشنیازکردووە.

لەکارداندەوەیەکیشدا لەبارەی ئەم پێشهاتەوە، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاندووە: ڕازی نیم بەو ڕێگایەی هێزە دەریاییەکان لە میانی لێکۆڵینەوەی دادوەری لە گالاغەر گرتیە بەر. زۆر خراپ مامەڵە لەگەڵ گالاغەر کرا، بەڵام لە تەواوی تۆمەتە قورسەکان بێتاوان دەرچوو. دۆناڵد ترەمپ ئەوەشی بیرهێنایەوە کە پلەی سەربازی ئێدوارد گالاغەری هێناوەتە خوارەوە و گوتی: هەروەها لەو خەرجییە زۆرەش ڕازی نەبووم کە لە گرێبەستەکانی ئیدارەکانی پێشووەوە سەرچاوەی گرتبوو. بۆیە لەلایەن مارک ئێسپەر'ەوە کۆتایی بە ئەرکی ڕیچارد سپێنسەر هێندرا.

ئیمارات.. سەرکردایەتیی هاوپەیمانێتیی دەریایی ئەورووپی بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی کەنداو دروستدەکرێت



وەزیری بەرگریی فەرەنسا فلۆرێنس پارلی لە ئەبو زەبی ڕایگەیاند: پایتەختی ئیمارات دەبێتە بنکەی سەرکردایەتیی هاوپەیمانێتی دەریایی ئەوروپا بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵە دەریاییەکان لە کەنداو و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانێتییەکەی دیکەدا کە ئەمەریکا ڕابەرایەتی دەکات، کار دەکەن.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا لە مانگی پێنجەوە گرژیی هەریەک لە ئیمارات و سعوودیە و بەحرەین و بەریتانیا و ئوستراڵیا و ئەلبانیا بەشدارن لە هاوپەیمانێتییەکەدا و بنکەکەیان لە مەنامە دەبێت. واشنتۆن هەوڵێکی زۆریدا ئەم هاوپەیمانێتییە پێک بهێنێت بۆ پاراستنی کەشتییە بازرگانییەکان لە کەنداو، بەڵام ئەورووپییەکان پێشنیارەکەی ئەمەریکایان ڕەتکردەوە و هۆکاری ئەوەش پاراستنی ڕێککەوتنە ناوکییەکەی ئێران کەوتووەتە ناوچەکەوە دوای ئەوەی هێرش کرایە سەر کۆمەڵێک کەشتیی نەوتهەڵگر و دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیە بە فڕۆکە بێفڕۆکەوان لێدران. ئەمەریکاش لۆمەی ئێرانی کرد لەسەر ئەو هێرشانە و لە لای خۆشیەوە تاران هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەت دەکاتەوە. لەم مانگەدا هێزی دەریایی ئەمەریکا هاوپەیمانێتییەکی دەریایی دەستپێکرد بۆ پاراستنی هاتوچۆی کەشتییەکان لە ئاوی کەنداودا، بووە کە سااڵی ڕابردوو سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ کشایەوە لێی. لە مانگی حەوتەوە ئەورووپییەکان هەوڵدەدەن هاوپەیمانێتییەکی دەریایی تایبەت بە خۆیان پێک بهێنن.

پارلی لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ بنکەی دەریایی ئاشتی فەرەنسی لە ئەبوزەبی بە بۆنەی تێپەڕبوونی 10 ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەو بنکەیەدا گوتی: بە فەرمی مۆڵەتمان وەرگرت بۆ دامەزراندنی بنکەی سەرکردایەتیی هاوپەیمانێتی دەریایی ئەورووپی بەمەبەستی چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی کەنداو و لە ئێستادا لەسەر خاکی ئیمارات دروست دەکرێت. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ئیمارات خۆی لە هاوپەیمانێتییەکەی سەر بە ئەمەریکادایە.

ئەحمەد کانی: ئەوانەی رۆژگارێک لەهەر بواریکدا خزمەتی گەلەکەی خۆیان کردبێ ناویان دەچێتە میژووو



رۆژی 25/11/2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان ئەحمەد سالار کرد.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی2 ڕێز و پێزانینی خۆی بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار نیشاندا و دووپاتی کردەوە لەوەی ئەوانەی رۆژگارێک لەهەر بوارێکدا گەلەکەی خۆیان بکەن ناویان دەچێتە میژوو و گەلەکەیان لە بیریان ناکات گەلی کوردیش ئەحمەد سالار و نموونەکانی وەک ئەو لە شێوەی میژوو دەبینێ و هەرگیز لە بیریان ناکەن. جەختی کردەوە لەوەی هونەر پەیامێکی کاریگەرە، هونەرمەندانی کوردیش لە سەردەمی مەزڵومیەتی کورد بە دراماکان و بەرهەمە شانۆییەکانیان گوزارشتیان لە نەهامەتییەکانی گەلەکەمان کردووە. لە بەرامبەردا، هونەرمەند ئەحمەد سالار باسی ئەو زەحمەتی و بەربەست و فشارانەی کرد کە رژێمی رووخاوی بەعس لە پێشوودا بۆ بەرهەمە هونەرییەکانی کورد دروستی دەکرد، بەڵام زۆرێک لە هونەرمەندان ئامادەبوون گیانی خۆیان ببەخشن لەپێناو ئازادی و مافی گەلەکەیان، ئێستاش دوای ئازادی هونەرمەندان بەهەمان ڕۆح و هەستەوە کار بۆ شانۆ و درامای کوردی دەکەن.

وێستگەی هەڵمی کارەبای خەبات 150 مێگاوات کارەبا زیاد دەکات

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە دەست دەکرێت بە دەستبەکاربوونی وێستگەی هەڵمی بەرهەمهێنانی کارەبا لە شارۆچکەی خەباتی سنووری پارێزگای هەولێر.

لەم بارەیەوە ئومێد ئەحمەد گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە رایگەیاند: بە کارکردنی وێستگەی هەڵمی خەبات بڕی 150مێگاوات کارەبا بۆ سەر کارەبای نیشتمانی زیاد دەبێت، بەڵام هێشتا ئەو ڕێژەیە نییە کە بەدڵمان بێت.

گوتی: ئێستا بەرهەمهێنانی کارەبا 3 هەزار و 200 بۆ 3 هەزار و 500 مێگاواتە، لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان گەیشتووە بە 5 هەزار و500 مێگاوات کارەبا.

باسی لەوەش کرد کە ئێستا چاوەڕوانی زیادکردنی غازن بۆ وێستگەی کارەبای خورمەڵە و بە زیادکردنی غازیش نزیکەی 200 مێگاوات کارەبا زیاد دەبێت، بۆیە چاوەڕوان دەکەین تا نیوەی ماڵگی داهاتوو ئەو بڕە کارەبایەش زیاد بکەین.



پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو بەکر سۆرانی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی بەکر کەریم حەمەسور ناسراو بە بەکر سۆرانیمان پێگەیشت.

هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان رادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەقاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله وإنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەڕێزان لە بارەگای بارزانی، نوسینگەی سەرۆک کۆماری عێراق مەکتەب سیاسی حزب و لایەنە سیاسییەکان، هەردوو لقی 15ی خانەقین و لقی 22ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەڵبەندەکانی خانەقین و گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بارەگای حزب و لایەنە سیاسیەکانی گەرمیان و خانەقین، جەماوەری شارەکانی خانەقین، کەلار، کفری و شارەکانی دیکەی کوردستان و عێراق. خزمان و دۆستانی عەشیرەتی دەلۆ، وەرزشوان و وەرزش دۆستانی گەرمیان و خانەقین.

سوپاسی بێپایەمان ئارِاستەتان دەکەین کە هەر لە سەرقەبرانەوە تاوەکو سێیەم ڕۆژی پرسەی ئامۆزامان رزگار ڕەزا بەگی دەلۆ بە بروسکەی پرسەنامە و بەپەرۆشی ئامادەبوونتان وای لێمان کرد کە لەو کۆستە گەورەیەمان خەمان کەم بکاتەوە، پەرۆشی ئێوە ئارامی بەخشیە دڵمان. داواکارین لە خودای گەورە و میهرەبان ناخۆشیتان پێ نەبەخشێت و هەمیشە لە خۆشیدا بەسەرتان بەکەینەوە.

حوسێن جیهاد ئەمین
لەجیاتی بنەماڵەی کۆچکردوو

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر:

بۆڕییە شکاوەکەی ئیفراز چاک کرایەوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر چاککردنەوەی ئەو بۆڕییەی گواستنەوەی ئاوی ئیفرازی ئاشکرا کرد کە بەهۆیەوە 40ی گەڕەکەکانی هەولێر بێئاو ببوون. ئەو بۆڕییەی پاڵاوتنی ئاوی ئیفرازی 3 کە شکابوو، تیرەکەی 1500 ملیمەتر بووە و ئاوی بۆ 40ی گەڕەکەکانی شاری هەولێر دابین کردووە.

ئەوەش ئاشکرا کراوە کە تیمەکانی وێستگەی ئیفرازی 3و بەشی چاککردنەوەی تۆڕەکان، بۆ ماوەی 30 کاتژمێر بەشێوەیەکی بەردەوام کاریان کردووە و توانیویانە بۆڕییە شکاوەکە چاک بکەنەوە.

بەرپرسێ لقێ ئێک گوهداریا خاست و گلە و گازندێن قوتابیێن کوردێن ئێزدی کرد

پشتی وێ سمینارا بەرفرەه ئەوا دگەل قوتابییێن کوردێن ئێزدی ل زانکو و پەیمانگەهێن پارێزگەها دهوکێ هاتیە ئەنجامدان و ژ بۆ ب نێزیکی هایدارێ ڕەوش و داخوازی و گلە و گازندێن وان ببیت، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک و ب ئامادەبوونا بەرپرسێ لیژنا ناوچا چرا دگەل نوینەرێن قوتابییێن کوردێن ئێزدی کومبوو و لدەستپێکێ بەرپرسێ لقێ گوهداریا خاست و گلەو گازندێن وان کر، پاشی بەرپرسێ لقێ ئامادەبوون و پالپشتیا خوە دا دیار کرن کو داخازیێن وان بگەهینیتە جهێن پەیوەندیدار و ڕێکە چارەسەرەک بهێتە دیتن، نوینەرێن قوتابیێن ئێزدی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژ بۆ گوهداریکرن ژ گلەو گازندێن وان و خەم خوریا وی بەرامبەر قوتابیێن کوردێن ئێزدی.



ڕەفعەت سەعید مجەمەدئەمین کارگێڕی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد

خەبات ـ سەفەر ژاوەکی

لە هەولێر دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکەی، کادیری دێرینی ڕێبازی بارزانی نەمر ڕەفعەت سەعید مجەمەدئەمین کارگێڕی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد، دواتر تەرمی خوالێخۆشبوو بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکوومی و لەشکری و هەڤاڵ و هاوسەنگەر و کەسوکاری لە گۆڕستانی پیرمام سەر بە ناحیەی پیرمام بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو لە ساڵی 1961 لە بنەماڵەیەکەی کوردپەروەر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی ئێران دەبن، لە ساڵی 1980 شەرفی ئەندامێتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگرتووە، لە ساڵی1982 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە ئاوارەییدا پلەی جۆراو جۆری لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان پێبەخشراوە، وەک.. کارگێڕی ڕێکخراو، بەرپرسی ڕێکخراوی تاران، ئەندامی لق، بەرپرسی لق، ئەندامی لیژنەی ڕاپەراندن، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، جێگری سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بەشداری لە ڕاپەرین ساڵی 1991دەکات و دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان چەندین ئەرکی هەبووە وەک بەرپرسی لیژنە ناوچەی سەلاحەددین، بەڕێوەبەری ئیدارە و دارایی لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن هەتا بۆتە کارگێڕی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، دەرچووی کۆلیژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەددینە، دەرچووی خولی دەیەمی پەیمانگای کادیرانی پێشکەوتووی پارتیە، لە سەردەمی شاخ و دوای ڕاپەرین لەبواری ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبووە و بۆتە دەستەی نووسەران لە گۆڤاری هیوای لاوان، بەرپرسی یەکەمی گۆڤاری هیوای قوتابیان و لاوان، سەرنووسەری گۆڤاری پێشکەوتن، دامەزرێنەر و سەرنووسەری گۆڤاری دەشت بووە، جگە لە کادیر کەسێکی ڕۆشنبیر و نوسەر بووە کە نوسینەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕزگاری، دەنگی قوتابی، هیوای لاوان، دەنگی ئافرەت، هیوای قوتابیان و لاوان، پێشکەوتن، خەبات، کاروان، ڕامان، بڕایەتی بڵاوکردۆتەوە و هەروەها ئامادەکاری بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بووە. چەندین چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لەگەڵ کراوە لە ئێزگەی دەنگی کوردستان، تەلەفزیۆنی گوڵان، سەتەلایتی کوردستان، سەتەلایتی زاگرۆس، ڕادیۆی پێشکەوتن. خێزاندارە و خاوەنی سێ کوڕ و سێ کچە.

پرسەکە لە مزگەوتی شێخ ئەحمەد خەیلانی لە هەولێرە

بەرپرسی لقی 16: گەلەکەمان بەکەمتر لەو ماف و داخوازیانە ڕازی نابێت کە لەدەستووردا جێگیرکراوە



لە درێژەی کۆڕ و کۆبوونەوە بەردەوامەکانیدا لەگەڵ چین و تۆیژە جیاجیاکانی سنووردکە بە مەبەستی خستنەڕووی دواینی ڕووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخستنەکان و جەماوەری سنووری بێستانە لیژنە ناوچەی دەشتی هەولێر کۆڕێکی بەرفراوانی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخست.

لەسەرەتای کۆڕەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر تیشکی خستە سەر دواینێ ڕووداو و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەتایبەتی پرسی خۆپیشاندانی شارەکانی عێراق و هەموارکردنەوەی دەستوور کە خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەک بەکەمتر لەو ماف و داخوازییانەی کە لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا بۆ میللەتەکەمان جێگیر کراوە ڕازی نابن ، هەروەها ئاماژەی بەکۆبوونەوە بەردەوامەکانی شاندی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو و ڕێکەوتنێکی دوولایەنە تایبەت بە پرسی نەوت و مووچەی فەرمانبەران و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
داواکار (میسم مرزه همزه) داوایەکی لەسەرت تۆمارکردوو بە ژمارە (٢٤٢/ش/٢٠١٩) تێیدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەپێی اشعاری موختاری (گەنجان ستی) بۆیە دادگا بریاردا بە پێراگەیاندنت بە بریار بۆدەربکات لەڕێگەی دوورۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم بۆیە پێویستە بەخۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاسایی خۆیدا ئامادە بێت و نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەی ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی نبڕی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ ظاهر محمد مصطفی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ١٥٨٨/ش/٣/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠
جاڕدان
بۆ داواليکراو (صنعان شیرزاد سعید)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لەداوای ژمارە (١٥٨٨/ش/٣/٢٠١٩) دادگا بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لەم دادگایە لە بەرواری (٢٠١٩/١٠/١) لەنێوان داواکار(چیمەن رضا قادر) وە داواليکراو (صنعان شیرزاد سعید) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (دەشتی هەولێر گەرەکی ١١ی ئادار) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و ڕۆژانە وە تۆمافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لەڕۆژی دوابی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.
دادوەر/صباح قادر کاملا
***
دادگای کار دهوك
ژمارە/ ٢٤ /عمل/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٥ /١١/ ٢٠١٩
***
راگەهاندن
بۆ/داواليکەری (مدیر مفوض شرکه وایت هاند کروب/اضافة لوظیفته) ل دیف داخازیا داخازکار (نوری عبدالله عنتر) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازا (کریا کاری) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژاریێ تاخێ (بلد القدیمه/محافظة صلاح الدین) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/١٢/٨ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
القاضی/ شکر سلطان عدو
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١١/٢٥
ئاکەهداری
لدیف بریارا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٩٦/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/١٠/٢١ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٨٦٩٣/١) کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/ سیە) ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمیر (١٢)دوازدێ نیڤرو ژ تام کرنا (٣٠) سیە ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (١٢٥٠٠٠٠٠) دوازدە ملیون وبینج سەد هزار دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدەلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە ڕوژکا بهێن ڤەدانا فەرمی ڕوژا دویڤ دا دبیتە ڕوژا ژڤانی
دادوەر/ ابراهیم خشان گرگری
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٣/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١١/٢٥
ئاکەهداری
لدیف بریارا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٩٣/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/١٠/٢١ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٨٦٩٥/١) کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/ سیە) ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمیر (١٢)دوازدێ نیڤرو ژ تام کرنا (٣٠) سیە ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (١٢٥٠٠٠٠٠) دوازدە ملیون وبینج سەد هزار دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدەلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە ڕوژکا بهێن ڤەدانا فەرمی ڕوژا دویڤ دا دبیتە ڕوژا ژڤانی
دادوەر/ ابراهیم خشان گرگری
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١١/٢٥
ئاکەهداری
لدیف بریارا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٩٤/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/١٠/٢١ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(١٠٧٢٤/١) کەرتێ ٤ منصوریە) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/ سیە) ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمیر (١٢)دوازدێ نیڤرو ژ تام کرنا (٣٠) سیە ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (١٢٥٠٠٠٠٠) بیست وبینج ملیون ودوو سەد هزار دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدەلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە ڕوژکا بهێن ڤەدانا فەرمی ڕوژا دویڤ دا دبیتە ڕوژا ژڤانی
دادوەر/ ابراهیم خشان گرگری
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٣٤٢٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (زۆزك) بۆ گواستنەوەی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (زۆزك) بۆ گواستنەوەی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (زرار صباح بوزو) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٥٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (PIKARON)
بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (PIKARON) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (زرار صباح بوزو) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٦٣٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (اطلسی باکوور) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (مصطفی فخری کریم خان) بۆ دابەشکردنی کەل و پەلی خاوێن کەرەوە/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (PIKARON) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٧/ب/٢٠١٩
رێکەفت/٢٠١٩/١١/٢٥
ئاکەهداری
لدیف بریارا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٩٧/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/١٠/٢١ یا پێك هاتی ب نەهێشتنێ کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(١٢٧٢٩/١) کەرتێ ٤ منصوریە) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/سیە) روژا هەر ژ روژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەردانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمیر (١٢)دوازدێ نیڤرو ژ تام کرنا (٣٠) سیە روژا پشتی روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (١٥٠٠٠٠٠٠) پازدە ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دومالەی هاتنا دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە رەوانەکرن ب نێکجاری ل دویف رێنیایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە روژکا بهێن ڤەدانا فەرمی روژا دویڤ دا دبیتە روژا ژڤانی
دادوەر/ ابراهیم خشمان گرگری
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە/٦٥٣/ت/ ٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/١١/٢٥
ئاگەهداری
رێڤەبریا مە راگەهینیە بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٢/١ کەرتی ٥ انجکە صور) یا قەرزدار (فضة احمد ابراهیم) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا رێڤەبریا مە بکەت دماوێ (٣٠/ سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە روونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٢/١ کەرتی ٥ انجکە صور)
رەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکی خویەتی یە ب باران دئیتە ئافدان
رووبەر :- (٩٥) دونم
بهایێ هاتیە دانان :- (٣٤٢٠٠٠٠٠٠) سی سەد وجل ودوو ملیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٦٧١/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا شوقا ژمارە (٢٣) عیارا (H٨) هاتیە ئافاکرن لسەر مولکێ ژمارە (٢٤٦٧/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بنافێ قەردار (جیهان ناجی حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (١٨٣٧٢٦٤٠) هەژدە ملیون وسێ سەد وحەفتێ ودوو هزار وشەش سەد وچل دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامێ عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك شوقا ژمارە (٢٣) عیارا (H٨) لسەر مولکێ ژمارە (٢٤٦٧/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بنافێ قەردار (جیهان ناجی حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (١٨٣٧٢٦٤٠) هەژدە ملیون وسێ سەد وحەفتێ ودوو هزار وشەش سەد وچل دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامێ عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك شوقا ژمارە (٢٣) عیارا (H٨) لسەر مولکێ ژمارە (٢٤٦٧/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامێ عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك شوقا ژمارە (١٩) عیارا (H٤) هاتیە ئافاکرن لسەر مولکێ ژمارە (٢٢١٩/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بنافێ قەردار (سکفان علی یاسین) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٣٠٦٠١٩١٨) سیە ملیون وشەش سەد وئێك هزار ونەە سەد وهەژدە دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامێ عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك شوقا ژمارە (١٩) عیارا (H٤) لسەر مولکێ ژمارە (٢٢١٩/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامێ عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك شوقا ژمارە (٢٣) عیارا (H٨) لسەر مولکێ ژمارە (٢٤٦٧/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٦٦٨/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا شوقا ژمارە (١٩) عیارا (H٤) هاتیە ئافاکرن لسەر مولکێ ژمارە (٢٢١٩/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) وتومار کریە بنافێ قەردار (سکفان علی یاسین) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٣٠٦٠١٩١٨) سیە ملیون وشەش سەد وئێك هزار ونەە سەد وهەژدە دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزنامێ عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك شوقا ژمارە (١٩) عیارا (H٤) لسەر مولکێ ژمارە (٢٢١٩/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ شوقا ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت دکەڤیتە نهوما پێنجێ ژ عیارێ وپێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٢٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠) شێست وشەش ملیون دینار
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٧٠٧/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٧٠٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بنافێ قەردار (زمن جمعە مصطفی احمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٨٢٢٨٧٥٠) هەشت ملیون ودوو سەد وبیست وهەشت هزار وحەفت سەد وپێنجی دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژاە کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٥٦٤٠٠٠٠٠) پێنجی وشەش ملیون وچار سەد هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٧٠٤/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) جور پێك هاتیە ژ (عیارا C٣ شوقا (٥٢٧) قاتێ (٢) عیارا ئاکنجیبوونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ (٣) قاتا شوقا ژمارا (٥٢٧) قاتێ (٤) ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نڤستنێ وپێشوازی ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی) واجیهە (-) روبەر (١١٣) م٢ کوژمێ خەملاندی (٥٦٤٠٠٠٠٠) پێنجی وشەش ملیون وچار سەد هزار دینار
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هە و لێر
پەیانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر
یەکەی یاسایی
ژمارە: ٥٨٧٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
ئاگادارى
ڕاگرایەتی پەیانگەی تەکنیکی کارگێری/ هەولێر هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی (نهێنی) سەبارەت بە بەکرێدانی (کۆشکی وێنەگرانی پەیانگە) جا ئەوەی ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمکردنەوەیە دەتوانی لە یەکەیی دارایی پەیانگە دانەیەك (تەندەری) تایبەت وەربگرێت بەرامبەر بە (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار کە گەرانەوەی بۆ نییە لە رۆژی (دوو شەممە) ٢٠١٩/١١/٢٥ داواکار بەڵگەنامەی پێویستەکان لەناو زەرفێکی داخراو دابنرێت ناوو ژمارەی مۆبایلی بەلێندەرەکەی لەسەر تۆمار کرابێت پێشکەش بە یەکەی یاسایی بکرێت دوا ماوە بۆ وەرگرتنی تەندەرەکان تاکۆتایی دەوامی فەرمی لەرۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠
١- هەر تەندەرێك لەکاتی خۆی پێشکەش نەکرێت وەرناگرێت.
٢- هەر تەندەرێك کەموکوڕی هەبێت پشت گوێ دەخرێت.
مەرج و پێداویستیەکان:
١- بارمتەیی یاسایی بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان)
٢- وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی و کاری داد)
***
سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هە و لێر
پەیانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر
یەکەی یاسایی
ژمارە: ٥٨٧٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
ئاگادارى
ڕاگرایەتی پەیانگەی تەکنیکی کارگێری/ هەولێر هەڵدەستێت بە کەمکردنەوەی (نهێنی) سەبارەت بە بەکرێدانی (کۆشکی وێنەگرانی پەیانگە) جا ئەوەی ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمکردنەوەیە دەتوانی لە یەکەیی دارایی پەیانگە دانەیەك (تەندەری) تایبەت وەربگرێت بەرامبەر بە (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار کە گەرانەوەی بۆ نییە لە رۆژی (دوو شەممە) ٢٠١٩/١١/٢٥ داواکار بەڵگەنامەی پێویستەکان لەناو زەرفێکی داخراو دابنرێت ناوو ژمارەی مۆبایلی بەلێندەرەکەی لەسەر تۆمار کرابێت پێشکەش بە یەکەی یاسایی بکرێت دوا ماوە بۆ وەرگرتنی تەندەرەکان تاکۆتایی دەوامی فەرمی لەرۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠
١- هەر تەندەرێك لەکاتی خۆی پێشکەش نەکرێت وەرناگرێت.
٢- هەر تەندەرێك کەموکوڕی هەبێت پشت گوێ دەخرێت.
مەرج و پێداویستیەکان:
١- بارمتەیی یاسایی بەبڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بەشێوەی چەکی پەسندکراو یان (خطاب ضمان)
٢- وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی کارتی زانیاری یاخود (کارتی نیشتیمانی).
٣- پشتگیری باجی دەرامەتی نوێکراوەی لەگەڵ بێت ئەگەر خاوەن تاقیگەی وێنەگرتن بێت.
٤- پێشکەش کردنی شارەزایی بەڵگەنامەی پەسندکراو لەلایەن ئەو شوێنەی کە کاری تیایدا کردووە.
٥- وێنەیەك لە ناسنامەی مۆڵەتی وێنەگرانی کوردستان و مۆڵەتی تاقیگەی ئەگەر هەیسو.
٦- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
د. برزۆ همزه دزەیی
ڕاگری پەیانگە
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤١١٩/ش٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠١٩/١١/١٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (شڤان انور خضر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ریناس حمید سعید) داوای ژمارە (٤١١٩/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/١١, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٦٤٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (KIDS DANDL) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٥
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٩٢٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GREEN WOOD گرین وود) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GREEN WOOD گرین وود) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (طه نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێر
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٦٤٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٥
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (KIDS DANDL) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٥
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە/ ١٣٩٥/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (GREEN WOOD گرین وود) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (نرجس الجبال) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (زۆزك) بۆ بازرگانی و بەلێندەرایەتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

www.xebat.net
ژمارە (5879) 2019/11/26 سێ شەممە
خەبات



لوبنان..

پێکدادانی لایەنگرانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل 10 قوربانیی لێکەوتەوە

لە ئاکامی پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل لە ناوەڕاستی لوبنان، 10 کەس برینداربوون. بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرگریی شارستانی لوبنان رایگەیاند کە شەوی دووشەمە، پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی ئەمەل لە ناوەڕاستی شاری بەیروت روویداوە و بەهۆیەوە 10 کەس بریندار بوون.

ئاماژە بەوەشکراوە کە هێزە ئەمنییەکان دەستوەردانیان کردووە بە ئامانجی وەستاندنی پێکدادانەکە و دواتر ڕەوشەکەیان کۆنترۆڵکردووە. پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلۆ رایگەیاندووە کە پێکدادانەکە لە ئەنجامی ئەوە ڕووبداوە کە ئەندامانی پارتەکان، خۆپیشاندانەکانیان بە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی لوبنان لەقەڵەمداوە.

شایەنی باسە لە ڕۆژی 17ی مانگی ڕابردووە خۆپیشاندان دژبە پلانی حکوومەت بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاوواڵتیان لە پرۆژە یاسای بوودجەی 2020 لە لوبنان، دەستیپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. هەر بەهۆی خۆپیشاندانەکانیشەوە، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەعد حەریری لە 29ی مانگی ڕابردوودا دەستی لەکار کێشایەوە. خۆپیشاندەرانی لوبنان داوادەکەن پەلەبکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتێک کە وەزیرەکانی سەربە هیچ پارتێک نەبن، هەروەها هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و گەندەڵکارانیش سزا بدرێن.

تورکیا.. شارەوانیی ئیستەنبوڵ 28 ملیار لیرەی تورکی قەرزارە

ئیستەنبوڵ جگە لەوەی شارێکی گەشتیارییە، لە هەمانکاتدا پیشەسازیشەو 60ی بودجەی گشتیی تورکیا پێکدەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شارەوانییەکەی پارەیەکی زۆر قەرزارە و پێویستیشە ئەو قەرزە بدرێتەوە. ئەکرەم ئیمامئۆغلو سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد، شارەوانی ئیستەنبوڵ 28 ملیار لیرەی تورکی قەرزارە، پێویستیشە ئەو قەرزە بدرێتەوە. ئیمامئۆغلو ئاماژەی بەوەش داوە، کە بەشێکی ئەو قەرزانە دەبێت لە ماوەیەکی کەمدا بدرێتەوە، بەڵام بەشێکیتری قەرزی درێژە.

سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوڵ، هەموو ئەو قەرزانەی خستە ئەستۆی سەرۆکی شارەوانیی پێشووی ئیستەنبوڵ کە لەسەر لیستی ئاکەپە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت ئێمە لە کارکردن ناوەستین و بەردەوام خزمەتی زیاتری شارەکەمان دەکەین. جگە لە ئیستەنبوڵ، زۆربەی ئەو شارەوانییانەی کەوتووەتە دەستی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا، بە ملیارات لیرەی تورکی قەرزی بۆ ماوەتەوە، بۆیە بەشێکی ئەو سەرۆک شارەوانییانە دەڵێن تا ماوەیەکی زۆر ناتوانین هیچ کارێک بکەین و دەبێ هەر قەرزی شارەوانی بدەینەوە.

هۆنگ کۆنگ.. دیموکراتخوازەکان سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکان بەدەستهێنا



لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی هۆنگ کۆنگ باشووری چین کە ڕۆژی یەکشەمە لە سێبەری ئەو خۆپیشاندانانەدا کە ماوەی چەند مانگێکە درێژەی هەیە بەڕێوەچوو، بەرگریکارانی دیموکراسی سەرکەوتنیان بەسەر لایەنگرانی پەکیندا بەدەستهێنا و زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

بەرگریکارانی دیموکراسی پێگەی خۆیان بەهێزتر کرد

هەرێمی ئۆتۆنۆمی هۆنگ کۆنگ کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە حەوت ملیۆن و400 هەزار کەس، بەرگریکارانی دیموکراسی لەو هەڵبژاردنە شارەوانییەدا کە ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی 452 ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی لە18 ناوچەی هەڵبژاردندا، سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا و پێش هەڵبژاردنی گشتیی کە ساڵی داهاتوو ئەنجام دەدرێت پێگەی خۆی بەهێز کرد. لەو هەڵبژاردنانەدا کە ڕێژەی بەشداریکردن تیایدا گەیشتە زیاتر لە 70% لە کۆی چوار ملیۆن و 130 هەزار دەنگدەری تۆمارکراو، دوو ملیۆن و 940 هەزار دەنگدەر بەشداریان کرد، لایەنگرانی دیموکراسی تابلۆی ئەنجوومەنەکانی شارەوانیان پێچەوانە کردەوە کە لە ڕووی ژمارەی کورسییەوە لە بەرژەوەندنی لایەنگرانی چین بوو.

سەرکەوتنی دڵنیایی لایەنگرانی دیموکراسی

بەپێی زانیاری یەکلاییکەرەوە و دڵنیایی، نووسینگەی تۆمار و هەڵبژاردنەکان لە هۆنگ کۆنگ، لایەنگرانی دیموکراسی لە کۆی18 ناوچەی هەڵبژاردن لە17یاندا پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە و لەسەدا 76 و پێنج 1ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە و لە کۆی452 کورسی بوون بە خاوەنی344 کورسی، لایەنگرانی چین لەسەدا 12 و پێنج 8ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە و بوون بە خاوەنی 58 کورسی، کاندیدە سەربەخۆکانیش بوون بە خاوەنی 41 کورسی. هەروەها کارەکانی ئەژمارکردن بۆ 9 کورسی کە ڕێژەی لەسەدا دووی دەنگەکان پێکدەهێنێت، بەردەوامە. هەروەها پارتی هاوپەیمانی دیموکراسی بۆ باشکردن و بەرەوپێشچوون کە گەورەترین پارتی لایەنگری پەکین-ە لەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییەدا لەو هەڵبژاردنانەدا دووچاری شکستێکی گەورە بووەتەوە و لە کۆی 179 کاندید تەنها 21یان توانیانە بچنە ئەنجوومەنی شارەوانییەوە.

تاکە هەڵبژاردنی «تەواو دیموکراسی» هەرێمەکە

لە کاتێکدا ڕێژەی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەدا ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە و تاکە هەڵبژاردنی "تەواو دیموکراسی "هەرێمەکەیە، پشتیوانییەکی خەڵکی خۆپیشاندەری بەدەست هێنا کە دژبە پرۆژە یاسای گەڕانەوە بۆ چین دەستیپێکردووە و لە مانگی حوزەیرانەوە تا ئێستا درێژەی هەیە و تا دێت تووندتر دەبێت. ئەم پراکتیکی سندوقی هەڵبژاردنە "تەواو دیموکراسی "بەرگریکارانی دیموکراسی گرنگییەکی زۆری هەیە لە شکاندنی گوشاری پەکین لەسەر هەرێمەکە. لەبەرئەوەی لەو هەرێمەدا پەرلەمانتاران، ئەندامانی کابینەی حکوومەت و بەرپرسانی حکوومەت لە ڕێگەی ئەو کاندیدانەوە دیاری دەکرێن کە لایەن لیژنەیەکی هەزار و200 کەسییەوە حکوومەتی پەکین دیاریان دەکات. ئەو کاندیدانەی لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، بە ناوی ئەو هاوواڵتیانەی نوێنەرایەتیان دەکەن و لە هەرێمەکەدا دەژین، دەچنە لیژنە هەزار و 200 کەسییەکەوە و دەبن بە خاوەنی دەنگدان بۆ دیاریکردنی حکوومەت.

مانشێت



سکای نیوز:
چەند پزیشکێکی بەریتانی هۆشداریان دا لەوە دوور نیە جولیان ئاسانجی دامەزرێنەری ماڵپەڕی ویکیلیکس بەهۆی تێکچونی باری تەندروستی لە بەندیخانەدا گیان لەدەست بدات .



ئەی ئێف پی:
باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە مەکسیک ڕایگەیاند کە لە ناوەڕاستی ئەو وڵاتەدا هاوڵاتیەکی فەرەنسی ڕفێنراوە.



ئیلاف:
لە نزیک کەناراوەکانی ئیتالیا تەرمی 7 کۆچبەری نایاسایی دۆزرایەوە .



ڕۆیتەرز :
لە باکووری ڕۆژئاوای کینیا بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر 56 کەس گیانیان لەدەست دا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکومەتی ئەلمانیا ئافرەتێک و سێ منداڵی داعشی لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت وەرگرتەوە .



کەنالی ئار تی :
کیم جۆنگ ئۆنی سەرۆکی کۆریای باکور لەسەر سنوور لەگەڵ کۆریای باشوور سەردانی یەکەیەکی سەربازی وڵاتەکەی کرد .





گەڵا وەریوەکانی پایز خێرایی خولانەوەی گۆڕی زەوی زیاد دەکات

گرنگترین دیاردە لە وەرزی پایزدا وەرینی گەڵای درەختە گەڵاوەریوەکانە وەک ئامادەکارییەک بۆ پێشوازە کردن لە وەرزی زستان. بەڵام ئایا دەزانی ئەوەی کە تەنها وەک وەرینی گەڵا دەبینرێت بەهۆی گۆڕان لە وەرزەکانی ساڵدا، لە لایان زانایانداو بە یەکێ لە فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر خولانەوەی گۆی زەوی دادەندرێت؟

لە وەرزی پایزدا گۆی زەوی چەندین دیاردەی سرۆشتی بەخۆوە دەبینێت، تەنها دابەزینی پلەکانی گەرما لە نیشانە لێکجیاکەرەوەکانی ئەم وەرزە نییە، زاناکان ئەم وەرزە بە وەرزی زێڕین دەزانن نەک بەهۆی ئەوەی کە ڕەنگی گەڵای دارەکان بۆ ڕەنگی زێڕین دەگۆڕێت بەڵکو بەهۆی کاریگەری گرنگی وەرینی گەڵاوەیە. کاتێک لە وەرزی پایزدا گەڵاکان دەوەرن دەکەونە سەر خاک، بەواتای نزیک بوونەوەی ئەو گەڵایانە بە مەودای تا 27 مەتر لە چەقی زەویییەوە کە ئەوەش ناوەڕاستی نێوانی لوتکەی دارەکان و ڕووی زەویییە، بەوەش هەندێک قورسایی لەسەر چەقی زەوی دروست دەکات کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی خێرایی خولانەوەی زەوی.

ئەو دیاردەیە دووبارە دەبێتەوە لە وەرزی بەهاردا، بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانە، گەڵاکان دووبارە لەسەر لقی دارەکان دەردەکەون و گەشە دەکەن بەوەش کێشێکی نوێی دوور لە چەقی زەوی دروست دەبێت کە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی خێرایی خولانەوەی گۆی زەوی.

بە پێی مالپەڕی دەیلی مێڵی بەریتانی، ئەو ڕۆژەی درەخت دەبینێت لە ڕێگای وەرینی گەڵاکانیەوە سنووردارە کە بریتییە لە زیاد بوونی خێرایی خولانەوە بە تێکڕای تەنها چەند بەشێک لە چەرکەیەکدا.

بەڵام مالپەڕی (فۆکۆس)ی ئەڵمانی ئاماژە بەوە دەکات لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا دەکرێت بچوکترین گۆڕانکاری لە خێرایی زەوی تۆمار بکرێت بە هۆی پێوەری لێزەرەکە سەر بە (زانکۆی میونیخ)ی تەکنیکییە و لە دارستانەکانی ویلایەتی باڤاریادا دانراوە، تاکو ئێستا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە نەسەلمێنراوە کە وەرینی گەڵای دارەکان کاریگەریان لەسەر خێرایی خولانەوەی زەوی هەبێت.

مالپەڕەکە باس لەوە دەکات کە هەندێک دیاردەی سروشتی دیکە هەیە کە ڕۆڵی سەرەکی و زیاتر و ڕوونتر دەبینن لە دیاریکردنی خێرایی گۆی زەوی وەک بەتینی هێزی کێشکردنی مانگ و خۆر و بڕی بەفر لەسەر لوتکە چیاکان و چالاکبوونی گرکانەکان لەسەر ڕووی زەوی و بوومەلەرزە و بەرزی و نزمی شەپۆلەکانی زەریا و دەریاکان.

چەند زانیارییەک سەبارەت بە قەل و پەروەردەکردنی

گۆشتی قەل بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە و ڕێژەیەکی کەم لە چەوری تێدایە، لە دوای گۆشتی مریشک دێت سەبارەت بە ڕێژەی چەوری، بەڵام لە پێش سەرجەم پەلەوەر و ئاژەڵە مالییەکان دێت لە ڕووی هەبوونی پڕۆتین لە پێکهاتەکەیدا، گۆشتەکەی بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەندرێت بۆ دابینکردنی تەواوی کانزاییەکان وەک کالیسیۆم و فسفۆر و ئاسن جگە لە ڤیتامینەکان وەک ڤیتامین C گۆشتی قەل بە سەرچاوەیەکی گرنگی پڕۆتینی ئاژەڵی دادەندرێت چونکە بڕێکی زۆر گۆشتی هەیە و ڕێژەی چەوریشی کەمە. قەل بە خێرایی گەشە دەکات بە بەراورد لەگەڵ بالندە مالییەکانی دیکە. توانای گۆڕینی زۆر لە پاشماوە کشتوکاڵی و خۆراکییەکانی هەیە کە بەها خۆراکییە نزمە بۆ گۆشت و هێلکە کە بەهای خۆراکییان بەرزە، پەروەردەکردنی قەل ئاسانە لە باخچەی ماڵ یان لە باخ یان کێڵگە پەروەردە دەکرێت بە دابین کردنی کۆلیت بۆ حەوانەوەی لە شەودا.

ئەو ئالیکەی بە قەل دەدرێت لە ڕووی بەهای خۆراکی و پێکهاتەیەوە جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی بە پەلەوەرەکانی دیکە دەدرێت وەک مریشک تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێ بڕەکەی زیاتر بێت، چونکە قەل قەبارەی گەورەیە و کێشی زیاترە، پێویستە ڕێژەی کالیسیۆم لە ئالیکی قەل 2.25% بێت و ڕێژەی فسفۆر 5% بێت، ئەو دوو تۆخمە گرنگی زۆربان هەیە لە دروستبوونی تۆپکڵی هێلکەدا. بۆ هاندانی قەل بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر هێلکە بکات پێویستە بڕێکی زیاتر لە ڤیتامین و خوێیە کانزاییەکانی لەگەڵ ئالیک پێی بدرێت.

هۆکاری تێکچوونی هەنگوین؟



هەنگوین بەوە بەناوبانگە کە هەر چەند کۆنبێت تێکناچێت، بەڵام بە گوێرەی ناوەندی فیدرالی ئەڵمانیا بۆ خۆراک ئەوە بەندە بە مەرجەکانی شێوەی بەکارهێنان و داکردنی هەنگوینەکە.

(هەنگوین خراپ نابێت) وشەیەکە بەردەوام ئاماژەزوو مەندانی هەنگوین دووبارەی دەکەنەوە، بەڵام بە زمان لێسینەوەی کەوچکێکی بەهەنگوین و دووبارە بەکارهێنانەوەی کەوچکە و دانانی لە نێو شوشەی هەنگویندا زۆر لە باوەڕەکانمان دەگۆڕێت، ئەو کردارە کە زۆر جار بەبێ ئاگاداری ئەنجامی دەدەین بە بیرۆکەیەکی هەڵە دادەندرێت چونکە هەنگوین زۆر هەستیارە بۆ بەکتریا. ناوەندی ئەڵمانیای فیدرالڵ بۆ خۆراک هۆشداری دەدات کە لیک و بەکتریا بۆی هەیە گۆڕانکاری نەویستراو لە هەنگوین بکات و تامی بگۆڕێت. لەبەر ئەم هۆیە پێویستە کەوچک و چەقۆی خاوێن بخرێتە ناو شوشەی هەنگوین چونکە ماددەیەکی خۆراکی زۆر هەستیارە، بۆیە دەبێت بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە هەمانکاتدا پێکهاتەی هەنگوین هەستیارە بۆ ڕوناکی و گەرمی بۆیە لە شوێنێکی تاریک کە سارد بێت و پلەی گەرمییەکەی 15 سەدی بێت، دادەکرێت، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوور درێژ لە شوێنێکدا ماوە کە پلەی گەرمی لە 18 پلە بەرزتر بێت ئەوە دەبێتە هۆی گۆڕان لە تام و بۆن و ڕەنگی هەنگوینەکە، ساردیش دەبێتە هۆی بە کریستاڵ بوونی هەنگوین و لەدەست دەدات لوسییەکەی.

بۆ ئەوەی خۆراک باشترین سوودی هەبێت



خواردنی خۆراکی تەندروست و بنەڕەتی بەسوودە بۆ پاراستنی توانا و هێزی جەستە، بەڵام ئەگەر جەستە بە شێوەیەکی دروست ماددە خۆراکییەکان هەڵنەمژێت ئەوە هەر جۆرە خۆراکێک بخوریت سوودی نابێت.

بۆ مسۆگەرکردنی سوود وەرگرتن لە سەرجەم توخمە خۆراکییەکان پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت بە پیادەکردنی ئەو پێنج هەنگاوە بۆ وەرگرتنی سەرجەم توخمە خۆراکییەکانی نێو خۆراک.

یەکەم. خواردن بە هێمنی، کۆئەندامی هەرسی مرۆڤ زۆر ئالۆزە، کرداری شکاندنی خۆراک و هەڵمژینی توخمە خۆراکییەکان لە دەم دەست پێدەکات بۆیە جوینی خۆراک بەشێوەیەکی دروست پێش قوتدان بە کردارێکی گرنگ دادەندرێت، کاتێک کە خۆراک بە باشی ناجوین ئەوە ئەرکێکی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی گەدە بۆ وردکردنی خۆراک لە ئەنجامدا بڕێکی زۆر لە توخمە خۆراکییەکان بێ ئەوەی هەڵمژرێت بۆ بەشەکانی دیکەی کۆ ئەندامی هەرس دادەبەزێت و سوودی نابێت.

دووەم. کۆکردنەوەی توخمە خۆراکییە ڕاستەکان لەگەڵ یەکدا، پێکەوە کۆکردنەوەی توخمە خۆراکییە ڕاستەکان لەگەڵ یەکدا کردارەکانی هەرسکردن و هەڵمژینی توخمە خۆراکییەکان لەلایان گەدەوە ئاسان دەکات. ئەو خۆراکانە لەگەڵ یەکدی دەخورێن ئەمانەن:

(چەوری لەگەڵ چەوری، ئاسن لەگەڵ ڤیتامین C، ئاسن و زەنگ لەگەڵ گۆگرد).

سێیەم. گرنگی دان بە دروستی ڕێخۆڵەکان، ڕیخۆڵەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە هەڵمژینی توخمە خۆراکییەکان، هەندێک خۆراک هەیە هاوڕێتی ڕیخۆڵەن وەک ماست و ماستاو.

چوارەم. لە کاتی نانخواردندا چا مەخۆرەوە، ڕاستە چا بەسوودە بۆ تەندروستی، بەڵام خواردنەوەی لەگەڵ ژەمەکانی خۆراکدا بە بیرۆکەیەکی باش نازانرێت. چا و قاوە ئاوێتەی هاندەریان تێدایە کە ڕێگری لە مژینی ژمارەیەک لە توخمە خۆراکییەکان و ڤیتامینەکان دەکات.

پێنجەم. خواردنەوەی بڕێکی زۆر ئاو، ئاو پێویستییەکی گرنگە بۆ ژیان لە هەمانکاتدا پێویستە بۆ هەڵمژینی توخمە خۆراکییەکان. کەمی بڕی ئاو لە جەستەدا هۆکارە بۆ ئەوەی خوێن لە گواستنەوەی ماددە خۆراکییەکان بۆ بەشە جیاوازەکانی جەستە سست بێت.

باشترین سەرچاوەی پڕۆتین لە نێوان گۆشت و سەوزەدا



سوودەکانی پڕۆتین بۆ هەموان ئاشکرایە، بۆیە هەوڵ دەدرێت لە چەندین سەرچاوە پڕۆتین بەدەست بێت. لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ئێمە گۆشت بە سەرچاوەی سەرەکی پڕۆتین دەزانین هەندێکی دی جۆرەها سەوزەوات بەکار دێنن وەک سەرچاوەیەک بۆ دەستکەوتنی پڕۆتین.

جەستەی مرۆڤ ڕۆژانە پێویستی بە پڕۆتینە چونکە بەردەوام لە لایان پێست و قژ و کۆئەندامی بەرگری بەکار دێت، بە کەمبوونەوەی پڕۆتین لە جەستەدا کێشە دروست دەبێت.

شارەزایان دەڵێن کەمبوونەوەی پڕۆتین لە جەستەدا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی وزە بە شێوەیەکی بەرچاو، کەسەکە هەست بە ماندیبوون و شەکەتی دەکات بە درێژایی ڕۆژدا، لە هەمانکاتدا ئاستی هەرسکردنی خۆراک دەشێوێت و باری دەروونی کەسەکە تێک دەچێت، هەست بە ئازار دەکات لە ماسولکە و جومگەکانیدا، سارێژبوونی برینەکانی دوادەکەوێت و تەرکیزکردنی لاواز دەبێت، هەروەها گۆڕانکاری گەورە لە ئاستی شەکردی دروست دەبێت و ئەگەری هەیە دووچاری نەخۆشیی شەکرە بێت.

پزیشکەکان باس لە سوودەکانی پڕۆتین دەکەن بۆ بنیاتنانی ماسولکەکان و هاندان لە پڕۆسەی کەمکردنەوەی کێشدا، بۆیە ئامۆژگاری پیاوان دەکەن کە ڕۆژانە 56 گرام لە سەرچاوەکانی پڕۆتین بخۆن، بۆ ئافرەتانیش پێویستە ڕۆژانە 46 گرام لە پڕۆتین بخۆن، بەڵام ئایا باشترین سەرچاوەی پڕۆتین چیە؟ گۆشت یان سەوزەوات؟.

زۆرێک لە ئێمە گۆشت بە باشترین سەرچاوەی پڕۆتین دەزانن، بەڵام لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان سەلماندویانە کە خۆراکی دیکە باڵا دەستترە لە گۆشت سەبارەت بە هەبوونی پڕۆتین بۆ نموونە بزالیا و فاسولیا. ئەو سەوزانە تەنها پڕۆتین بە جەستە نابەخشن بەلکو ڕۆڵیان هەیە لە دابەزاندنی کێش بە ڕادەیەکی زیاتر لە گۆشت.

شارەزایانی بواری خۆراک و تەندرستی لەو باوەڕدان کە سوودی گەورەی بەزالیا و فاسولیا و سەوزەوات بۆ ئەو ڕێژ بەرزەی ریشاڵ دەگەڕێتەوە کە لە پێکهاتەکەیاندا هەیە کە ئەمەش هەستکردن بە تێری دەبەخشێت، دوای زانینی ئەم سوودانەی سەوزە بۆ مرۆڤ قورسە ببر لە سەرچاوەیەکی دیکەی پڕۆتین بکرێتەوە، چونکە خواردنیان هۆکارە بۆ دابەزاندنی کێش لە ماوەیەکی کورتدا. لە کۆتایدا دەردەکەوێت کە سەوزەوات وەک بەزالیا و فاسولیا باشترن لە گۆشت وەک سەرچاوەیەکی پڕۆتینی نموونەیی چونکە پڕۆتین بۆ جەستە دەستەبەر دەکان بێ ئەوەی زیانی پێ بگەیەن.

دووەمی لاوانی ئەورووپا لە دیدارێکی (خەبات)دا

ئەندریا کریستینا: شانازییە تا ئێستا دووجار پلەی دووەمی سەر ئاستی ئەورووپام بەدەستهێناوە



خەبات: هاوار مورتکەیی

ئەندریا ناستاسە کریستینا کچە شەترەنجزانی وڵاتی ڕۆمانیا هەڵگری بڕوانامەی WFMی شەترەنج و خاوەنی ڕیتینگی 2077ی یەکیتی شەترەنجی نێودەوڵەتییە، ئەو لەتەمەنی 18 ساڵیدایە کەچی لەسەر ئاستی ڕۆمانیا و ئەورووپا خاوەنی چەندین دەسکەوت و بەشداری لە زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا کردووە، لەم دیمانەیەدا ئاماژە بە بەشداری و دەسکەوت و هەروەها خۆشەویستی بۆ یاری شەترەنج دەکەین.



سەرەتا بروایان پێی نەبوو

ئەندریا کە لە ساڵی 2001لە بوخارستی پایتەختی ڕۆمانیا لەدایک بووە، لەبارەی ئاشنا بوونی بەو یارییە دەڵێت: دایک و باوکم هەرگیز لەوبروایەدا نەبوون کە وەرزشیکی وەک شەترەنج هەڵدەبژێرم، ئەوان پێیان وابوو لەو تەمەنەمدا بۆ من قورس دەبێت ئەو یارییە بکەم، بەڵام هەر زوو ئەو یارییە کەوتە بەردڵم و حەزم کرد لەگەڵیدا بەردەوام بم، هەر زوو فێری ئەو یارییە بووم، کاتەکانم هەمووی بە خۆیندن و فێربوونی ئەو یارییە تەواوکرد، بەشێوەیەک خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەم و بۆ ئەمەش زۆر بڕوام بەخۆم هەبوو، لەبیرمە تەمەنم 5 ساڵان بوو بۆ یەکەمجار بەفەرمی بەشداری پاڵەوانێتییەکم کرد و توانیم پلەی دووەم لەخوار 6 ساڵان بەدەست بهێنم.

لەگەڵ هەڵبژاردەی ڕۆمانیا

ئەو کچە شەترەنجزانە لاوە ڕۆمانیە ئاماژە بەدەسکەوتەکانی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 2007بەشداری پاڵەوانێتی تازەپێگەیشتوانی ڕۆمانیام کرد و توانیم کۆی خاڵەکان بەدەست بهێنم 9 لە 9، ئەمسااڵیش بە پاڵەوانێتی ڕۆمانیا G20 توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، ئەمانە لەسەر ئاستی وڵاتەکەم، لەسەر ئاستی ئەورووپاش بەشێوەیەکی چڕ خۆم داوەتێ و لەهەر پاڵەوانێتییەک کە بەشدار بووبێ ئەنجامم هەبووە، لە پاڵەوانێتی بلیتزی لاوانی ئەورووپا کە لە ساڵی 2013لە بۆسنیاو هەروەها هەمان پاڵەوانێتی لە ساڵی 2015 لە سڕبیا بەڕێوەچوو توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم، لەگەڵ هەڵبژاردەی ڕۆمانیاش بەشداری پاڵەوانێتی خێرای ئەورووپامان کرد لە ساڵی 2017 لە مۆنتینیگرۆ دیسان پلەی دووەمان بەدەست هێنا.

شەترەنج سەرچاوەی ژیانە

دواتر ئەندریا لەبارەی خەونەکانی گوتی: تا گەورە بووم نەمدەزانی کە هاوڕێکانم چیی، ئەوەندەم دەزانی کە هاوڕێکانم هەموویان ئەو یارییە دەکەن، هەوڵمدەدا بەشێوەی باشتر لەجاران یاری بکەم، بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەو یارییەدا، شەترەنج ئەوەی فێرکردم کە بەچ ڕێگایەک بیر بکەمەوە، لەراستیدا توانیم بگەمە ئامانجێک کە بۆ یەک کێشە چەندین ڕیگەچارە بدۆزمەوە، هەروەها چۆنێتی بیرکردنەوەی ستراتیژی بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر، ئەوەی کە زۆر شانازیشی پێوەدەکەم، شەترەنج ژیانی پێ بەخشیوم، ئەگەر لە ناخۆشترین ڕۆژەکانیشم بومایە ئەوا، کەس نەیدەتوانی ئەو ژیانەم لێ ببات، لەبیرمە کە منداڵ بووم پیم وابوو شەترەنج تەنها ئارەزوویەکە، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە من هەڵە بووم لەوەی شەترەنج بەتەنها لە ئارەزوویەک کۆ بکەمەوە، بەڵکو شەترەنج سەرچاوەی ژیانە، شەترەنج واتە بیرەوەری و خێزان، پێم وایە لەم قۆناغەدا هەموو شتیکە لە ژیان، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆمانیا شەترەنج وەک پیویست لەلایەن ڕاگەیاندنەوە بایەخی تایبەتی پێ نەدراوە.



ئەمشەو ڕۆنالدۆ بەشداری یارییەکەی ئەتلەتیکۆ دەکات

یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی ڕایگەیاند کە کریستیانۆ ڕۆنالدۆی ئەستێرەکەیان تەواو چاکبۆتەوە و بۆیارییەکەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئامادەیە کە بڕیارە ئەمشەو لە میانی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەیەک دەگەن.

دوێنێش کریس پەیوەندی بە مەشقەکانی یانەکەی کردەوە و بەشێوەیەکی ئاسایی ڕاهێنانی کردووە، ئەم هەواڵەش هەوادارانی یۆڤی بەختەوەر کردووە چونکە ترسیان هەبوو ڕۆنالدۆ لەیارییەکەی ئەتلەتیکۆ نەتوانێت بەشداری بکات.

یانەی یۆڤی لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دۆگلاس کۆستا ناتوانێت بەشداری لەو یارییەدا بکات چونکە پێکانەکەی بۆ ماوەی 15 ڕۆژی دیکە درێژەی دەبێت، هەروەها ئەگەری زۆر هەیە کە ماتیاس دی لیخت بەرگریکاری لاوی هۆڵەندییش نەتوانێت بەشداری لەو یارییەدا بکات.



خەبات ئاماری کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان و ناوی گۆڵکارانی خولی کوردستان بڵاو دەکاتەوە

ئا: سەرهەنگ ئەحمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

ئەم وەرزە خولی نایابی کوردستان دوای تێپەڕبوونی 5 گەڕ بەسەر یارییەکاندا، زۆرترین کارتی زەرد و سوور لەخولەکەدا تۆمار کراوە، خەبات ئاماری کارتە زەردو سوورەکانی یانەکان بۆ خوێنەران دەخاتە ڕوو: لەکۆی 5یاریدا دوای ئەنجامدانی 30یاری لەنێوان یانەکاندا بەشێوەی چوون وهاتن ، تائێستا 145کارتی زەرد 7 کارتی سوور بەرووی یاریزانان بەرزکراوەتەوە، ئەم ڕێژەیەش ڕێژەیەکی مەترسیدارە، بۆ هەر یارییەک 5کارتی ڕەنگاو ڕەنگ بەرووی یاریزانان بەرزکراوەتەوە، ئەمەیش بەپێی پێوەرە وەرزشییەکان یاریزانەکانی خولی کوردستان بەشێوەیەکی توند و تیژ یارییەکان ئەنجام دەدەن، هەروەها بەرواردێک لەنێوان گەڕەکان بکەین ئەوا بۆ هەر گەڕێک کارتەکان جیاوازترن، بۆ نموونە لەگەڕی یەکەم 31 کارت و 2کارتی سوور بەرووی یاریزانان بەرزکراوەتەوە، بۆ گەڕەکانی دووەم 38 کارت ،گەڕی سێیەم 20 کارت، گەڕی چوارەم 28 کارتی زەرد و 3 کارتی سوور، گەڕی پێنجەم 28 کارتی زەرد و 2 کارتی سوور، بەڕووی یاریزانەکان بەرزکراوەتەوە.

سەبارەت بەگۆڵکاری خولەکە تاگەڕی پێنجەم بەهاوبەشی 8یاریزان کەهەر یەکێکیان 2 گۆڵیان تۆمار کردووە و پێشەنگی گۆڵکارانیان گڕتووە، یاریزانەکان بریتین لە بەهائەددین بەکر ، میلاد نەجمی لەسیروانی نوێ، سیاگۆ مستەفا لەسۆران، عەبدوڵا سەربەرست، ڕەوا یوسف لەپێشمەرگەی هەولێر، هێمن ڕزگار لەدەربەندیخان،هەریم تەحسین لەبرایەتی، هۆگر حوسێن لەهەولێر .

پاڵەوانی ئەورووپا پیرۆزبایی لە پاڵەوانی ئاسیا دەکات

یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لە ئەکاونتی فەرمی یانەکەیان لە تویتەر پیرۆزباییان لە یانەی هیلاڵی سعودی کردووە وەک پاڵەوانی ئاسیا، دوای ئەوەی لە یاری گەڕانەوەیاندا کە 65 هەزار کەس لەناو یاریگای سایتاما ئامادەبوون، 0-2گۆڵ لەیانەی ئۆزاوای ژاپۆنیان بردەوە. یانەی لیڤەرپوول کە پاڵەوانی ئەورووپان پیرۆزباییان لە ئەورووپای ئاسیا کردووە و ڕایانگەیاندووە کە لەپاڵ یانەکانی دیکەی سەددی قەتەری (میواندار)، تەرەجی تونسی پاڵەوانی ئەفریقیا، لە مۆندیالی داهاتووی یانەکانی جیهان پێشوازیان لێدەکات

ئەرکی ڤالڤێردی بۆ یارییەکەی سبەی زەحمەت دەبێت



ئینرستۆ ڤالڤێردی ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە بۆتەوە بەتایبەتیش بۆ یارییەکەی سبەی شەوی بیرامبەر یانەی بوروسیا دۆرتمۆند کە لەچوارچیوەی یاریی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەیەک دەگەن، ئەویش بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی، ژمارەیەک یاریزانی یانەکە ڤالڤێردی ناتوانن لەو یارییەدا بەشداری بکەن.

بەهۆی پیکانەوە هەریەک لە نیلسۆن سیمیدۆ و جۆردی ئەلبا و پیکێ بەهۆی پێکانەوە ناتوانن یاری بکەن، هەروەها ڤالڤێردی هێشتا لەوە دڵنیا نییە کە ئایا کلیمنت لینخیلت لەتوانایدا هەیە یاری بکات یان نا، چونکە لە یارییەکەی ڕابردوویان بەرامبەر لگانس نەیتوانی یاری بکات، ڤالڤێردی پەنا بۆ چەند یاریزانێک دەبات لەو یارییەدا کە یەکەجاریانە بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکان بکەن ئەویش جۆنیۆر فێربۆیە.

KHABAT
www.xebat.net
info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگاداریەکان:
0750 588 1616

XEBAT خەبات
Tue, 26. Nov. 2019 No: (5879)
ناوبنیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کەمال گەنجی: ئەوەی گوێبیستی کارەکانم بووبێت، هەمیشە هاندەرم بووە



خەبات:سولێن سلێمان

هونەرمەندی لاوی دەنگخۆش، کەمال گەنجی لەم چاوپێکەوتنەدا بۆ خەبات باسێکی کورتی ژیانی هونەری خۆی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1988لە وەرزی دووەمی بەهار چاوم بە ژیان هەڵهێناوە، سەبارەت بە چۆنیەتی دەسپێکردنی کاری هونەری خۆیەوە دەڵێت: بە هۆی ئەوەی لە تەمەنی منداڵیدا گوێبیستی دەنگی باوکم بووم و ئەویش زەوقێکی هونەری باشی هەبووەو هەموو کات گۆرانی هونەرمەندە ڕەسەنەکانی دەگووتەوە، منیش هەر لەو کاتەدا مێشکم بە ئاوازو بەرهەمی کوردی ڕەسەنەوە ئاشنا بوم. کاتێک لە قوتابخانە گۆرانیم بۆ هاوڕێکانم دەگوت، زۆر حەزیان لە دەنگم بوو، ئەوەش یەکەم هاندەرم بوو بۆ ئەوەی بزانم ئەو بەهرەیەم تێدایە، لە وێوە دەستم پێکرد، دواتر لە قوتابخانە قورئانی پیرۆزم دەخوێندەوە، هەمیشە حەزم لە هونەرو مۆسیقا بوو، بەڵام وەک ئەوەی بیربکەمەوە، ڕۆژێک کاری هونەری یەکەم نەبووە، هەر ئاواتێک بوو لە دڵم نەمدەزانی دەستی پێبکەم، تا ئەوەی لە ساڵی 2009براکەم بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەستدا، ئەوکات ئەوەندە لە خەمی کۆچ کردنی براکەم دابووم، دەستم بۆ پێنوسەکەم بردو شیعرم بۆ دەنووسی تاکو ئازاری لە دەستدانی براکەم کەم بێتەوە ، ئەو کات کاری دابەشکردنی مۆسیقام نەدەکرد و نەمدەزانی، بەڵام دەمزانی دەنگ ریکۆرد بکەم، ڕۆژێک گوێم لە مۆسیقایەک بوو کە دەنگی لە سەر نەبوو، زۆر سەرنجی ڕاکێشام و کاتێک شیعرەکەم هێنا زۆر لە سەری دەگونجا، منیش وەک تێستێک ریکۆردم کرد کاتێک دایکم گوێی لێ بوو گریا، گوتی دەنگت زۆر خۆشە و ئەو شیعرەی بۆ براکەت نوسیووە زۆر جوانە، یەکەم هاندەرم بۆ کاری ستۆدیۆیی دایکم بوو، ئەوکات هەوڵمدا کاری دابەشکردن فێربم، زۆربەی شتەکان وەک ئەکادیمی دابەشکردنی مۆسیقا فێربووم و هەوڵێکی زۆرم دەدا لە کاتێکدا هونەر وەک حەز بوو، هەروەها یەکەم قیدیۆ کلیپم لە ساڵی 2012بڵاوکردەوە بە ناوی " ڕێگەی ئەوین". نزیکەی "50بەرهەمم بۆ خۆم داناوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاری دابەشکردنی مۆسیقاش دەکەم زیاتر لە "80 ئاوازیشم بۆ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات داناوەو مۆسیقام بۆ ئامادەکردوون و ئێستاش کاری هونەری بۆ ئارەزوو دەکەم، چونکە بە راستی بێ ئارەزوو هیچ کارێک ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەشێکی کارەکەم پیشەیە، چونکە زۆربەی کاتەکانم تەرخان کردووە بۆ ئەو ڕێگایە دەبێت سەرنجامێکی بۆم ببێت، ئەوەی گوێبیستی کارەکانم بووبێت و هەمیشە هاندەرم بوون . لە خانەوادەکەم تا هەوادارەکانم و هاوڕێکانم بە دڵەوە لەگەڵم بوون و هانیان داوم، بەڵام وەک پشتگیریی تا ئێستا هەر خۆم پشگیریی خۆم کردووە، سەبارەت بە ناوبانگ بوون دەڵێت:- ناوبانگ بوون هەم باشی خۆی هەیە و هەمیش لە زۆر شتی ژیانت سنوردارت دەکاتەوە، وەکو ئەوەی نەتوانی بە حەزی خۆت ژیان بکەی دەبێت زیاتر لەسەر ڕای گشتی بیت و ئێستاش لە سەردەمێکین، کە سۆشیاڵ میدیا زۆرترین نرخی هەیە لامان، هەموو کات دەبێت ئاگاداری خۆت بی، چونکە بەراستی هونەرمەند دەبێ کەسایەتی هەبێت، هونەری بێ کەسایەتی هونەر نییە، چونکە ئێمە دەبێ ببینە نموونە بۆ خەڵک، و تا ئێستاش خاوەنی «5» ئەلبووم و زۆر بەرهەمیشم وەکو تراک بڵاوکردۆتەوە و زۆریشم پێ خۆشە ئەلبومی نوێ دروست بکەم بەڵام بەراستی ئەلبووم ئەرکێکی یەکجار زۆری هەیە، من بۆ هەر ئەلبومێکم یەک ساڵ کاتم داناوە و زەحمەتم بۆ کێشاوە بەڵام یەک ئەلبومیان تا ئێستا سوودی ماددی هەبووە بۆم ، ئێستاش بەرای من تەرکیزی زیاتر لەسەر یەک بەرهەم بکەی و لە ئاستی کارەکانی پێشوت دا بێت زۆر باشترە، ئێستا من ئەرکێکی قورسترم لەسەر شانە چونکی ئەوانەی من دەناسن لە ساڵی" 2013وە بەرهەمی جیاوازترم لە هونەرمەندانی تر بڵاوکردوتەوە ، و هەموو کات هەوڵ دەدەم جیاواز دەرکەوم ، سەبارەت بە نوێ ترین بەرهەمی خۆیەوە دەڵێت: بەرهەمێکی زۆر جیاوازم هەیە بە ناوی "بون" کە ئاوازو تێکستەکەی هی خۆمە ، دابەشکردنەکەی بەم زووانە تەواو دەبێت ، کاری قیدیۆکلیپی بۆ ئەنجام دەدەین، دڵنیام لە وەی کارێکی زۆر تایبەت دەبێت لە دڵی هەموان دا جێگای دەبێتەوە.



پیسبوونی کەش و هەوا پەیوەندی بە مردنی ناوادەوە هەیە



لە ڕۆژنامەی گاردیەندا هاتووە،،تۆێژینەوەکان پیشانی داوە کە پەیوەندی زۆر لە نێو گەردیلەکانی فێلیزی نێو کەشوهەوای پیس و مەترسی مردنی ناوادەوە هەیە. ئەنجامی ئەوتوێژینەوەیە بە پشت بەستن بە وەرگرتنی زانیاری لە سەردۆسیەی 11هەزار و 382کەسی بەشدار بوو کە دانیشتیوویی ناوچە گوندنیشینەکان وڵاتی فەرەنسا بە دەست هات.

لەو بارەیەوە ، " بندیکت جاکۆمین " ، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە تۆێژەرە لە دامەزراوەی تەندروستی لە بارسلۆنا لە ئیسپانیا ، گووتی : ئێمە پێمان وایە بە هۆی بوونی ئەو مادە گەردیلە زیانبەخشانە لە نێو کەشوهەوای پیس پێوستە ڕێوەشوێنی پێوستە بگەرێتە بەر. تۆێژەران دوای تۆێژینەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو بەشداربوانەی کە لە ژێر کاریگەری کەشوهەوای پیس دابوون لە مەترسی مردنی ناواده دان بوون بە گوتی تۆێژەران و بوونی فێلیزاتی نێو گەردیلەکانی کەشو هەوا ڕۆلێکی گرنگیان هەیە لە پیسبوونی کەش و زۆربوونی ڕێژەی مردنی ناواده بە تایبەت لە وڵاتانە کە ڕێژەی پیسبوونی کەشوهەوا لە نێویاندا زۆرە.



پەرواز حسێن
کلیپە نوێیەکەی بۆ ئاشتییە

وریشە عومەر: گۆرانیبێژ پەرواز حسێن، نوێترین بەرهەمی بڵاوکردەوە کە تایبەتە بە دۆخی ئێستای وڵاتان. ئەم بەرهەمەی پەرواز حسێن، لە نووسینی (سامی ئارگوشی)، ئاوازی (هەڵکەوت زاهیر)ە. کاری دەرهێنانی لەلایەن (بڕیار فەتاحە)وە بۆ ئەنجام دراوە.سەبارەت بەم گۆرانییە هونەرمەند پەرواز ڕاگەیاند: کە ئەم گۆرانییەپەیامیکە دژ بەجەنگ و شەڕ و ناخۆشیەکان دژی مرۆڤایەتی دەکریت. پەرواز دەڵێت :ئەم بەرهەمە تایبەتە بە دۆخی ئێستای وڵاتان کە چۆن شێواوە، هیوادارم بەم گۆرانیە لە خەم و ئازاری هەموو ئەوانە کەم بکەینەوە کە دۆخی وڵاتەکەیان نالەبارە، ئەم گۆرانیە هەنگاوێگی گرنگی مرۆڤایەتیە.



دیمەنێکی ناوچەی هەورامان لەوەرزی پاییزدا (فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات)